
چۆڵکردنی کوردستان دەبێتە...



٤

تەقینەوەکانی لوبنان و قەیرانی...




٥

دۆڕان یان چاوەڕوانیی گۆڕان؟



١٠

کوردی ڕۆژئاوا لە نێوان...



١٠

کارەساتی گوندی قارنێ



١١

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـــانی ئێــران

راگەیەندراوی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە مەڕ هێرش بۆ سەر کەمپی ئەشرەف لە لاپەڕە ٢

ماڵی مامۆستا هێمن لە مەهاباد کرایە مۆزەخانە لە لاپەڕە ٢

پەیوەستبوونی پۆلێکی دیکەی پێشمەرگە بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە لە لاپەڕە ٢

ژمارە ٦١٢، شەممە، ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٢، ٧ی سێپتامبری ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

پـەیـڤ

ناهید حسێنی

## بەرەو تەقینەوەیەکی بەسام

ئامادەکاریی لەشکری ئەمریکا بۆ لێدانی گورزی سەربازی لە ڕێژیمی ئەسەد لە قۆناغەکانی کۆتاییدایە و هەموو تیرەکان ئاماژە بە یەك نیشانە دەکەن، ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی سوپای پۆشتەوپەرداخی ئەمریکا و هاوپەیمانە هەرەنزیکەکانی بەرانبەر بە سوپای شەکەت و برینداری ئەسەدە. لێدانی گورزی سەربازی لە سوپای ئەسەد هەر چەند سنووردار و بە مەبەستی لەکارخستنی توانایی بە کارهێنانی جبەخانەی شیمیایی ڕێژیم بێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە پارسەنگی هێزەکان بە شێوەیەك دەگۆڕێ کە گلۆڵەی بەشار ئەسەد دەخاتە لێژییەوە. ڕووداوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەم چەند ساڵەی دواییدا نیشانیان داوە کە زۆرجار بەرژەوەندیی زۆرینەی خەڵکی ئاسایی وڵاتەکان لە گەڵ بەرژەوەندیی ئەو دیکتاتۆرانەی بە سەریاندا حوکمڕانی دەکەن جیاوازە. بۆیە لە کاتی قەیرانی نێوخۆییدا، بەشێکی زۆری خەڵکی وڵات بە هیوای ڕزگاربوون لە چنگی زۆردارانی خۆماڵی، پەنا دەبەنە بەر هێزێکی بەهێزتری بیانی تا بە هەر نرخێك دەبێ، بێت و ڕزگاریان بکات. عێراق و لیبی نموونەی بەر چاوی ئەو ڕەوشەن و ئێستاش وادیارە نۆرە گەیشتۆتە سوورییە و خەڵکی ئەو وڵاتە هاوار دەبەنە بەر ئەمریکا تا دیکتاتۆرەکەیان بۆ تەمێ بکا. بەڵام خۆڕاگریی درێژخایەنی ڕێژیمی ئەسەد لە بەرامبەر ڕاپەڕینی نێوخۆییدا نیشانی داوە کە ئەسەد لە نێو ئاڵقەیەکی چڕی پارێزەرانی وەفاداریدا پارێزراوە کە بە توندی لە لایەن پشتیوانە ئایدیۆلۆژییەکانیانەوە لە ئاستی ناوچەییدا دەپارێزرێن. بۆیەش بە پێچەوانەی سەدام و موعەممەر قەزافی کە تەنیا خاوەنی ئاڵقەی پارێزەرانی خۆماڵی بوون، لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا بێ کەس مابوون و لە ماوەیەکی کورتی پاش وێکەوتنی گورزی سەربازی شکستیان خوارد، پێدەچێ بە لێدانی گورزی سەربازی، ڕێژیمی ئەسەد تاکتیکی شەڕی بگۆڕێ و بە شێوەیەکی کاریگەرتر هاوپەیمانە ستراتیژیکەکانی، واتە ئێران و حیزبوڵڵا بۆ مەیدانەکانی شەڕ رابکێشێ. حیزبوڵڵا و سوپای قودسی کۆماری ئیسلامی وەفادارترین پشتیوانانی ڕێژیمی ئەسەدن کە وێڕای سوپای پێکهاتوو لە عەلەوییەکانی سوورییە ئامادەن تا دوایین هەناسە ڕێژیمی بەعس بپارێزن. هەر دووی ئەو هێزانە تا ئێستا سەلماندوویانە کە ئەگەر کەوتنە ژێر زەختەوە، پەنا بۆ هەموو ڕێبازێك دەبەن، بۆیە لە کاتی بەگوڕ بوونی شەر لە دژی ڕێژیم، ئەگەری بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لە لایەن ئەو هێزانەوە، هەم بە دژی خەڵکی ئاسایی سوورییە، هەم لە دژی شەرڤانە دژبەرەکانیان و هەم لە دژی ئیسرائیل لە گۆڕێدایە. سێناریۆی هەرە مەترسیداری ئەو گۆڕانکارییانەی کە خەریکە لە سووریە ڕوو دەدەن، بە کار هێنانی بەربڵاوی چەکی شیمیایی لە لایەن ڕێژیمی ئەسەدەوە بە پشتیوانیی سوپای قودس و هێزەکانی حیزبوڵڵا لە لایەك و هێزە سەلەفیەکانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆن لە لایەکی دیکەوەیە. لە وەزعێکی ئاوادا، دوور نیە پریشکی ئاگری شەڕ لە سوورییە ئەوەندە بۆ ئەملا و ئەولا بپرژێ کە لە کۆتاییدا تەقینەوەیەکی وا بە سامی لێ بکەوێتەوە کە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بهەژێنێ.

# سات و سەودای خوێناوی لە ئەشرەف



حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش، کوشتوبڕی ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق لە کەمپی ئەشرەفیان بە پیلانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زانی.

ئەم دوو حیزبە هاوکات لەگەڵ دربڕینی هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی قوربانیانی ئەم کارەساتە و ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق، خوازیاری لێکوڵینەوەی جیددی لە مەڕ ڕوونبوونەوەی لایەنەکانی ئەم ڕووداوە و سزادانی بەڕێوەبەرانی بوون.

نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و کومیسارییای باڵای مافی مرۆڤی ئەم ڕێکخراوەش، هێرش بۆ سەر کەمپی ئەشرەفیان مەحکووم کرد.

وتەبێژی مەقەڕی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقیشدا هاوکات لەگەڵ مەحکووم کردنی هێرش بۆ سەر کەمپی ئەشرەف، داوای لە حکوومەتی ئەم وڵاتە کردووە ئەمنییەتی دانیشتوانی ئەم کەمپە و کەمپی ئازادیی نزیك فڕۆکەخانەی بەغدا بپارێزن.

بەرپرسانی یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکاش کوشتنی دانیشتوانی کەمپی ئەشرەفیان مەحکووم کرد و خوازیاری لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم ڕووداوە بوون، بەڵام لە سەر بکەرانی ئەم کارەساتە، هیچ لێدوانێکیان نەداوە.

کاترین ئەشتۆن، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئەورووپا لە ڕاگەیەندراوێکدا گوتی، من بە توندترین شێوازی مومکین کوشتاری کەمپی ئەشرەف مەحکووم دەکەم.

ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی خەرمانانی ١٣٩٢ ڕاگەیەندرا کە تێکهەڵچوون لە کەمپی ئەشرەفی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقدا چەندین کوژراو و برینداری لێ کەوتۆتەوە. پاش دەرکردنی ڕاپۆرتەکە، شەهریار کیا، یەکێك لە وتەبێژانی ڕێکخراوی موجاهیدین، ڕێژەی کوژراوانی ئەم تێکهەڵچوونەی ٥٢کەس ڕاگەیاند.

سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا، هاوکات لەگەڵ دەربڕینی خۆشحاڵی بە بۆنەی کوژرانی ٧٠کەس لە ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدین، هێرش بۆ سەر کەمپی ئەشرەفی بە "تۆڵەی خودا" زانی و گوتی کە ئەوان "بە دەستی ڕۆڵە مووجاهیدە عێراقییەکان" کوژراون.

## سووریە کەلێنی گەورەی خستە نێو گرووپی ٢٠

کێشمەکێش لەسەر گەیشتن بە ستراتیژییەکی هاوبەش بۆ هەڵکوتانە سەر سووریە لە کۆبوونەوەی سێنت پیترزبوورگ ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە. یازدە وڵات لە ڕاگەیەندراوێکدا لەگەڵ ئۆباما، پشتیوانییان لە "وەڵامدانەوەیەکی بێ ئەملاوئەولا" بەرامبەر بە بەشار ئەسەد ڕاگەیاند.

ڕێبەرانی وڵاتانی ئەمریکا، بریتانیا، فەرانسە، عەرەبستانی سعوودی، ئۆستـرالیا، کانادا، کۆریای باشوور، تورکیە و ئیسپانیا و ژاپۆن لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا گوتوویانە کە پشتیوانی لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن، بەڵام جیهان ناتوانێت تا هەمیشە چاوەڕوان بمێنێتەوە.

باراك ئۆباما سەرکۆماری ئەمریکا لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ ڤلادیمیر پووتین سەرکۆماری ڕووسیە و خانەخوێی کۆبوونەوەکە، ڕایگەیاند کە حەوتووی داهاتوو لە ئاخاوتنێك لەگەڵ خەڵکدا، ستراتیژیی خۆی لەمەڕ سووریە شرۆڤە دەکات.

لەنێو هەموو سیاسەتوانان و ڕێبەرانی یەکیەتیی ئورووپادا، تەنیا ئانگێلا مێرکل ڕاوێژکاری ئاڵمان، ڕاگەیەندراوەکەی واژۆ نەکرد.

فرانسوا ئۆلاند سەرکۆماری فەرانسەش گوتی کە وڵاتەکەی پێی باشە کە پێش هێرشی نیزامی چاوەڕێی ئاکامی کۆتایی لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەڵوێستی کۆنگرێسی ئەمریکا بکات و پاشان هەڵوێست بگرێت.

لە بەرامبەردا، پووتین بەڵێنیی دا بە سووریە کە بە ناردنی چەکوچۆڵ بۆ ئەو وڵاتە، لە حکوومەتەکەی پشتیوانی دەکات. ئەو گوتی "ئێمە چەك دەنێرین و لە ڕووی ئابووریشەوە پشتیوانی دەکەین". پووتین وەڵامی ئەم پرسیارەی کە گەلۆ، لە ئەگەری هێرشی سەربازیی ئەمریکا بۆ سەر سووریە، لەم وڵاتە پشتیوانی دەکەن؟ بە ئەرێنی دایەوە.

# مەحکوومکرانی لایەنگرانی مۆرسی بە زیندانی درێژخایەن



دادگای سەربازیی مێسر، لایەنگرانی محەممەد مۆرسیی بە تاوانی"هێرش بۆ سەر ئەرتەش" بە زیندانی درێژخایەن مەحکووم کرد.

بەپێی ڕاگەیەندراوی ئەرتەشی میسر لەو پێوەندییەدا، یەکێك لەو کەسانە بە زیندانی هەتاهەتایی، سێ کەسیان بە ٤٥ ساڵ زیندان و ٤٥ کەسی دیکەش بە پێنج ساڵ زیندان مەحکووم کراون.

ئەم کەسانە تاوانبارن بەوەی کە لە کاتی ئاڵۆزیەکانی شاری بەندەریی سۆئیز لە مانگی ڕابردوودا تەقەیان لە سەربازەکانی ئەرتەش کردووە.

پێش لەمە بەشێك لە سەرچاوەکان وتبوویان، ١١ کەس لە لایەنگرانی محەممەد مۆرسی بە زیندانی هەتاهەتایی مەحکووم کراون.

ڕۆژێك پێشتر، دۆزگەری دەوڵەتی میسر رایگەیاندبوو کە محەممەد مۆرسی بە تاوانی "هاندان بۆ کوشتنی ناڕازییەکان" دادگایی دەکرێت.

ئەم تۆمەتانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توندوتیژییانەی کە لە مانگی سەرماوەزی ڕابردوودا لە دەرەوەی کۆشکی سەرکۆماری لە قاهیرە ڕووی دا و لانیکەم حەوت کوژراو و سەدان بریندار لێ کەوتەوە.

بە پێی ئەم ڕاپۆرتە ١٤ ئەندامی باڵای گرووپی ئیخوانولموسلمینیش هەر بەم تۆمەتانە دادگایی دەکرێن.

بە پێی ڕاپۆرتی تەلەڤیزیۆنی میسر لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە لەو ڕۆژەدا محەممەد مۆرسی داوای لە گاردی سەرکۆماری و وەزیری بەرپرسی چالاکییەکانی پۆلیس کردبوو تاکوو بەرەوڕووی نارازییەکان ببنەوە، بەڵام ئەوان وەڵامی داواکەیان نەداوەتەوە.

ڕاوێژکارەکانی مۆرسی تۆمەتبار کراون کە لە دوای ئەو نافەرمانییە، داوایان لە لایەنگرانی خۆیان کردووە کە ڕێگە بدرێت ئەوان کێشەی ناڕازییەکان یەکلایی بکەنەوە.

## پەیوەستبوونی پۆلێکی دیکەی پێشمەرگە بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتەوە



ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی خەرمانان ڕێورەسمی کۆتایی دەورەی ٢٠٨ی سەرەتایی پێشمەرگە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" و ڕاگرتنی یەك خولەك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان لە ساڵۆنی کۆمیسیۆنی پەروەردە دەستی پێ کرد. دواتر بەشدارانی دەورەکە چەندین برگەی جۆراوجۆری وەکوو: "ڕێژە، شەڕی سەرنێزە و ئامادەیی جەستەیی"یان نمایش کرد. لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا "دارا ناتق" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات چەند وتەیەکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد. دواتر ڕاپۆرتی ئامووزشیی دەورە لەلایەن بەڕێز "سامرەند" مامۆستای فێرگەوە پێشکەش کرا و شەمزین ئەحمەدنژاد یەکێك لەبەشدارانی دەورەکە، پەیامی دەورەی سەرەتایی ٢٠٨ی پێشمەرگەی خوێندەوە. لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا ٦ کەس لەبەشدارانی دەورەکە لە بواری باشبوونی نێونجی نمرە و دیسیپلینەوە لەلایەن ڕووناك خاکسار، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و مامۆستا سامرەند، یەکێك لە مامۆستایانی فێرگەوە خەڵاتیان پێ بەخشرا. لە نێوئاخنی ڕێورەسمەکەدا چەندین پارچە سروود، گۆرانی و شێعر لەلایەن "مستەفا سەیفی، حیسام ڕەحمانی و گرووپی سروودی دەورەوە" پێشکەش کران.

## ڕاگەیەندراوی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە مەڕ هێرش بۆ سەر کەمپی ئەشرەف

هێرش بۆ سەر کەمپی ئەشرەف مەحکووم دەکەین

بەگوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵنێرییەکان، سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی، هێرش و کوشتارێك لەکەمپی ئەشرەف، سەر بە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران بەڕێوە چووە. بەپێی هەواڵەکان لەو هێرش و مووشەکبارانەدا دەیان کەس لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە شەهید و بریندار بوون. هەرچەند هێشتا هەموو وردەکاریی ئەو هێرشە دەرنەکەوتووە، بەڵام گومانێك لەوەدا نییە کە ئەو هێرشە تێرۆریستییە بەدەستی هەرکەس و لایەنێك بووبێت، دەستوورەکەی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دراوە. سپای پاسدارانی ئێران ئەو هێرشەی بە تۆڵەی ئیلاهی ناو بردووە و خۆشحاڵیی خۆی لەو کوشتارە دەربڕیوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێکخەر و بەڕێوەبەری ئەم جینایەتەیە. ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو هێرش و کوشتارە، هاودەردیی خۆمان لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵقی ئێران و بنەماڵەی قوربانییەکان دەردەبڕین و سەرنجی ڕای گشتی بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشین کە ئەمە نە یەکەم کردەوەی تێرۆریستیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە و نە کۆتاییش دەبێت و پێویستە حکوومەتی عێراقی فیدراڵ و نەتەوە یەکگرتووەکان لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە لەبارەی ئەم کارەساتەوە بکەن و کاردانەوەیەکی جیددیتریش لەخۆیان نیشان بدەن و لەوە زیاتر ئیجازە بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەدەن ئاوا بێبەزەییانە خەڵکی بێدیفاع بکەنە ئامانجی هێرشی تیرۆریستیی ئەم ڕێژیمە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١١ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی
٢ی سێپتامبری ٢٠١٣ی زایینی

## دیداری نوێنەری حیزبی دێموکرات لە کانادا لەگەڵ وەزیری پەنابەری و شارۆمەندیی هەرێمی ئۆنتاریۆ



ڕێکەوتی ٦ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی، بەڕێز "شەریف بێهرووز" نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماڵی کورد لە تۆرێنتۆ، چاوی بە "مایکڵ کەتیۆ" وەزیری پەنابەری و شارۆمەندیی هەرێمی فیدراڵی "ئۆنتاریۆ"ی کانادا کەوت. لەو هاودیتنەدا بارودۆخی ئێران، کوردستان و ناوچەکە هەڵسەنگێنرا و لەو پێوەندییەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

## کۆمیتەی حیزبی دێموکرات ـ هەولێر، یارمەتیی بۆ کوردانی کوردستانی ڕۆژئاوا نارد

کۆمیتەی حیزبی دێموکرات وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی، بە هاوکاریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر هەڵمەتی کۆکردنەوی یارمەتی بۆ کوردانی کوردستانی ڕۆژئاوای دەست پێکرد و توانیان ڕادەیەکی بەرچاو پێداویستی بۆ ئەو هاووڵاتییانە کۆ بکەنەوە. ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە ڕۆحێکی نەتەوەیی و کوردانەوە کۆمەڵێك کەلوپەل و پێداویستیی ژیانیان بۆ خوشك و براکانیان لەکوردستانی ڕۆژئاوا نارد و پشتیوانی و هاودەردیی خۆیان بۆ ئەو کوردە لێقەوماوانە دووپات کردەوە.

## ئەندامپارلمانێکی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوید سەردانی بنکەی حیزبی لەشاری ئۆریبرۆ کرد

ڕۆژی دووشەممە، ١١ی خەرمانان "ماتیلدا ئەرن کرانس"، ئەندام پارلمان لەسەر لیستی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوید سەردانی بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەشاری ئۆریبرۆی وڵاتی سوید کرد. ماتیلدا ئەرن کرانس لە لایەن ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیرانەوە پیشۆازیی لێ کرا. پاشان سەلاح ئارامش، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئۆریبرۆ باسێکی لەسەر مێژووی پێوەندیی حیزبی دێموکرات و حیزبی سوسیال دێموکراتی سوید و هەروەها پرسی کورد لە ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستان پێشکەش کرد. دواتر خاتوو ماتیلدا ئەرن کرانس خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەم سەردانە دەربڕی و جەختی لەسەر پێوەندیی نێوان حیزبی سوسیال دێموکرات و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردەوە و پشتیوانیی خۆی بۆ داوا ڕەواکانی گەلی کورد دووپات کردەوە.

## ماڵی مامۆستا هێمن لە مەهاباد کرایە مۆزەخانە




بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٠ی خەرمانان بە بەشداریی کۆمەڵێك کەسایەتیی ئەدەبی و هونەریی شاری مەهاباد، ماڵی مامۆستا هێمن موکریانی، شاعیری نەتەوەیی کورد کرایە مۆزەخانە. لە سەرەتای ئەم ڕێورەسمەدا "ئەحمەد قازی" لە دووتوێی وتارێکدا کرانەوەی ئەم مۆزەخانەیەی بە دەستکەوتێکی مەزن بۆ پاراستنی فەرهەنگ، ئەدەب و هونەری کوردەواری وەسف کرد. دواتر پەیکەرەی مامۆستا هێمن کە لە حەوشەی ماڵەکەی دانرابوو، لەلایەن "ئامین ماملێ" هاوسەری "محەممەد ماملێ" هونەرمەندی کۆچکردووی کوردەوە پەردەی لە سەر لادرا. ماڵی مامۆستا هێمن کە لە چوار ژوور پێك هاتووە، هەر ژوورێکی بۆ یەکێك لە چوار کەسایەتیی کورد (مامۆستا هێمن، مامۆستا هەژار، مامۆستا محەممەدی ماملێ و محەممەد قازی) تەرخان کراوە کە لە هەر کام لەم ژوورانەدا وێنە، ئاسەوار و بەرهەمەکانی ئەو کەسایەتیانە پارێزگاریی لێ دەکرێت.

## هاودیتنی شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە سوییس لەگەڵ سکرتێری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی پارتی سوسیال دێموکراتی ئەو وڵاتە

ڕێکەوتی ١ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی، شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سویس، بە سەرپەرەستیی "باوا ئەلیاسی" بەرپرسی کۆمیتە، لەگەڵ "پیتر هۆگ" سکرتێری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی پارتی سوسیال دێموکراتی سویس دیدار و چاوپێکەوتنی پێکهێنا. لەم دانیشتەدا لەسەر چەندین تەوەر سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، دروشمی فیدراڵیزم، هەوڵدان بۆ باس کردنی کێشەکانی کورد لە پارلمانی سویس باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

## شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە بلژیک سەردانی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد

شاندێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی عەلی ئەشرەف موڕادی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چەند ئەندامی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی بلژیك لە شاری برۆکسێل سەردانی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و لەلایەن بەڕێز دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری هەرێمی کوردستان لە یەکیەتیی ئورووپا پێشوازیی لێ کرا. شاندی حیزبی دێموکرات سەرەتا پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی بەڕێز دلاوەر ئاژگەیی، وەکوو نوێنەری نوێی هەرێمی کوردستان لە یەکیەتیی ئورووپا کرد و هیوای سەرکەوتنی لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا خواست.



بارودۆخی سیاسیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دۆخ و پرسی گۆڕانکارییەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی سیاسیی ئێران پێش و سەرکۆماری و ئێران بە گشتی ئەو دیدارەدا کەوتنە بەر بیروڕایان لە سەر کرا. بارودۆخی سیاسیی ناوەڕاست و بە تایبەتی کورد لە داهاتووی ناوچە، بەستنی کورد، بارودۆخی دوای هەڵبژاردنەکانی بارودۆخی کورد لە بابەتانە بوون کە لەو باس و ئاڵوگۆڕی

## حیزبی دێموکرات ڕێزی لە خوێندکاران و قوتابیانی سەرکەوتوو گرت



ڕێکەوتی ١٢ی خەرمانان ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە خوێندکاران و قوتابیان بە ئامادەبوونی ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵۆنی کۆمیسیۆنی پەروەردە بەڕێوە چوو. لە سەرەتای ڕێورەسمەکەدا سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" خوێندرایەوە و دواتر یەك خولەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان ڕاگیرا.

پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی (بەشی پێڕاگەیشتن بە کاروباری قوتابیان) لەلایەن "شیرین حەبیبی"یەوە خوێندرایەوە. دواتر گۆرانییەکی فۆلکلۆر لەلایەن "غوڵام فاتحی"یەوە پێشکەش کرا و دوابەدوای ئەوە پەیامی بنەماڵەی خوێندکاران و قوتابییان لەلایەن "هەژار ڕەحیمی"یەوە خوێندرایەوە. دوایین برگەی ڕێورەسمەکە دابەشکردنی خەڵات و پێدانی لەوحی ڕێزلێنان بەسەر خوێندکاران و قوتابییانی سەرکەوتوودا بوو.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

## مامۆستایەکی ئایینیی کورد بە "زیندان و سەندنەوەی مافی مەلایەتی" سزا درا

مامۆستایەکی ئایینیی کورد لە لایەن دەزگای دادوەریی رێژیمەوە سزای بە سەردا سەپێنرا.

هەواڵدەریی "کوردپا" بڵاوی کردەوە، رێکەوتی ٤ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی، ماموستایەکی ئایینیی کورد بەناوی "مامۆستا سەلام گوڵنەواز" پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی "حەزرەتی عومەر" لە گەڕەکی "شێوە برایم"ی شاری سەردەشت، لەلایەن دەزگای دادوەریی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە شاری تەوریز بە ٦ ساڵ زیندان و سەندنەوەی مافی مەلایەتی حوکم دراوە.

## بەردەوامیی ئەزیەت کردنی زیندانییە سیاسییەکانی زیندانی مەهاباد

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، "ئەمیر قودرەت" قازیی چاوەدێری زیندانی شاری مەهاباد بە بریاری ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە ماوەی چەندین مانگە لە دانی مەرەخەسی و ئازادیی مەشرووت بە زیندانیانی سیاسیی کورد خۆ دەبوێرێت. بەوتەی یەکێك لە زیندانیانی شاری مەهاباد، هەنووکە ٢٨ زیندانیی سیاسیی کورد لەو زیندانەدا راگیراون کە لەلایەن قازیی چاوەدێری نێو زیندانەوە لەگەڵ سەرجەم داواکانیان دژایەتی دەکرێت. ئەو زیندانییە رایگەیاند، لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا چەندین زیندانیی سیاسی داوای مەرەخەسی و زیندانیی "رێ باز(راه باز)"یان کردووە، بەڵام لەلایەن ئەو دادوەرەوە بەرەوڕووی دژایەتی بوونەتەوە. لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێك لە زیندانیانی سیاسیی ئەو زیندانە ماوەی چەندین مانگە تووشی نەخۆشی بوون و هاوکات پێویستیان بە چارەسەری پزیشکی هەیە، بەڵام هەتا ئێستا چارەسەری پزیشکییان بۆ نەکراوە.

## کوژرانی مۆرەیەکی دیکەی ئیتلاعات لەناوچەی سەردەشت

شەوی ٣٠ی گەلاوێژ کەسێك بەناوی "محەممەد خزری" ناسراو بە حەمەخان خەڵکی ئاوایی کەچەڵاوای سەر بە سەردەشت لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە کوژرا. دوابەدوای ئەو رووداوە رێکەوتی ٢ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی، هێزەکانی رێژیمی ئێران هێرشیان کردە سەر ئاوایی "مارەغان" و تێکهەڵچوون لەنێوان ئەو هێزانە و ژمارەیەك چەکدار هاتبووە ئاراوە کە لەئەنجامدا سێ کەس کە یەکیان بە ناوی حەکیم خەڵکی ورمێ لەدەست و پێوەندییەکانی رێژیمی ئێران بوو، کوژران و دوو کەسیش بریندار بوون. بەوتەی هاووڵاتیانی ئەو ناوچەیە دوو چەکداری نەناسراویش لەئەنجامی ئەو شەڕ و پێکدادانەدا گیانیان لەدەست داوە.

## هێزەکانی رێژیمی ئێران گوشاریان خستۆتە سەر ئاژەڵدارانی ناوچەی نۆدشە

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٦ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی هێزەکانی هەنگی مەرزی جێگیر لە پاسگای "ملەندوو" بە ژمارەیەك لە ئاژەڵداران و هەوارنشینانی چیاکانی دەوروبەری شاری نۆدشەیان وتووە: "دەبێ ئەو هەوارگانە چۆڵ بکەن". ئەو هێزانە تۆمەتی "قاچاخ"ی ئاژەڵیان داوەتە پاڵ هاووڵاتیانی کورد و پێشیان راگەیاندوون کە نابێ هاوکاریی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بکەن. هێزەکانی پاسگای ملەندوو وێڕای هەڕەشەی توند لەو ئاژەڵدارانە پێیان وتوونە: دەبێ ئەو شوێنە چۆڵ بکەن و بگەڕێنەوە ناو ئاوایی و شارەکان. ئەمە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی ئەو بنەماڵە ئاژەڵدارانە تەنیا لەو رێگایەوە بژێوی ژیانیان دابین دەکەن و پێویستیان بەوە هەیە گەرمیان و کوێستان بکەن.

## کوژرانی دوو کۆڵبەر بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی رێژیم

هێزە چەکدارەکانی رێژیمی ئێران لە ناوچەی بانە تەقەیان لە دوو کۆڵبەری کورد کردووە و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێك گیانی لێ ئەستێنراوە و یەکێکی دیکەش بە توندی بریندار بووە.

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، شەوی ١٣ی خەرمانان هێزەکانی سەر بە پاسگای "بایندەرە" لە ناوچە سنوورییەکانی بانە پۆلێك لە کۆڵبەرانی کوردیان داوەتە بەر دەستڕێژ و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "محەممەد شەریفی" خەڵکی ئاوایی بایندەرەی سەر بە شاری بانە گیانی لە دەست دا.

هەر لە ئەنجامی ئەو تەقەکردنەدا کۆڵبەرێکی دیکە بەناوی "عەبدوڵڵا" خەڵکی سەرشیوی سەقز بە توندی بریندار بووە.

هەتا بڵاو بوونەوەی ئەو هەواڵە زانیارییەك لە دۆخی تەندروستیی عەبدوڵڵا لە بەردەستدا نییە.

بەپێی ئاماری تۆمارکراو لە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، لە ماوەی ٤٥ رۆژدا (سەرەتای مانگی گەلاوێژ هەتا ١٤ی خەرمانان)، ٢٠ کۆڵبەر و هاووڵاتیی مەدەنی بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی رێژیم کوژراون و بریندار کراون.

لە کۆی گشتیی ئەو رێژەیە، ٧ کەس کوژراون و ١٣ی دیکەش بریندار بوون. تەنیا لە سەرەتای مانگی خەرمانانەوە دوو کۆڵبەر کوژراون و دووی دیکەش بریندار کراون.

## کوژرانی کۆڵبەرێکی کورد لەناوچەی ورمێ

رێکەوتی ٧ی خەرمانان کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی فەتاح میکاییلی، خەڵکی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ بە تەقەی راستەوخۆی هێزەکانی رێژیمی ئێران کوژراوە. هەروەها لە ئاوایی "موولکی" ناوچەی تەرگەوەڕ و دەوروبەری ١٢٠ سەر ئەسپی بارهەڵگر لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە کوژراون.

## هیزە ئەمنیەتییەکانی شاری سەقز هاووڵاتییەکی کوردیان دەستبەسەر کرد

هێزە ئەمنییەتییەکانی رێژیم لە سەقز لاوێکی کوردیان دەستبەسەر کرد.

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردۆتەوە، رامین رەزایی، کوڕی عەلی و تەمەن ٤١ ساڵ دوای دەستبەسەر کرانی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی رێژیمی ئێرانەوە رەوانەی شوێنێکی نادیار کراوە. هۆکاری گرتنەکەشی دیار نیە.هێزە ئەمنیەتییەکان هاوکات لەگەڵ دەستبەسەر کردنی رامین، دەستیشیان بەسەر کەلوپەلی شەخسی ئەو هاووڵاتییە سەقزییەدا گرتووە.

## گوندێکی سەرسنوور لە پارێزگای ئیلام بەهۆی نەبوونی ئیمکانات چۆڵ کراوە

گوندی حەسەن قەندی لە ناوچەی دەشتی عەبباسی باشووری پارێزگای ئیلام، بەدەستی بێ ئیمکاناتییەوە دەناڵێنن. ئەو گوندە لە سەردەمی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق رێگاوبانی بۆ دروست کرا کە هەتا ئێستا هیچ چاکسازییەك بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو جادەیە نەکراوە. گوندی حەسەن قەندی، لە ٣٥ کیلۆمیتریی سنوور هەڵکەوتووە و مەیدانی مین و گوللە خومپارە نەتەقیوەکانی سەردەمی شەڕی ٨ ساڵە دەوروبەری ئەو گوندەیان گرتووە.

## دەستبەسەر کرانی هاووڵاتییەک لە شاری بۆکان

هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیم لە بۆکان هاوڵاتییەکی کوردیان دەستبەسەر کرد.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا؛ رێکەوتی ٤ی خەرمانان هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری بۆکان بەناوی "ناسر کەریمی" کوڕی عەبدوڵڵا، لەلایەن مەئمووڕانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە لە شوێنی کارەکەی دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزرا. سەرەڕای بەدواداچوونی بنەماڵەی ناسر کەریمی لەمەڕ چارەنووس و هۆکاری دەستبەسەر کرانی رۆڵەکەیان، هێزە ئیتلاعاتییەکانی رێژیم لە بۆکان هیچ زانیارییەکیان پێڕانەگەیاندوون.

## پێشانگایەکی خۆشنووسی لە چوارینەکانی خەییام لە شاری مەهاباد کرایەوە

لە شاری مەهاباد پێشانگایەکی خۆشنووسی لە چوارینەکانی خەییام بە زمانی کوردی لە بەرهەمەکانی هونەرمەندێکی کورد کرایەوە.

لەو پێشانگایەدا نزیك بە سی بەرهەمی خۆشنووسی کورد، کەماڵ قورەیشی خراوەتە بەر دیدی بەشدارانی پێشانگاکە.

چوارینەکانی خەییام لە لایەن مامۆستا هەژار، شاعیری ناوداری کوردەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

هەواڵدەریی ئیرنا بڵاوی کردەوە، پێشانگای خۆشنووسیی چوارینەکانی خەییام بە زمانی کوردی، لە رۆژی چوارشەممە ١٣ی خەرمانانەوە کراوەتەوە و بۆ ماوەی یەك حەفتە بەردەوام دەبێت.

کەماڵ قورەیشی ئەندامی ئەنجومەنی خۆشنووسانی ئێرانە و ئەوە دووهەمێن پێشانگایەتی کە بە رووی بەشداراندا دەکرێتەوە.

## ماموستایەکی ئایینیی نیشتمانپەروەر لە ناوچەی ورمێ کۆچی دوایی کرد

چەند رۆژ پێش ئێستا "مەلا شەریف عەبدوڵڵاهی" کوڕی "محەممەد سەلیم" خەڵکی گوندی "راژان"ی ناوچەی "مەحالی دەشت"ی ورمێ و مەلای گوندی "ژاراوێ"، بەهۆی رووداوی هاتوچۆ لەسەر رێگای دزەی دۆڵێ، گیانی لەدەست دا. مەلا شەریف ماوەی ٢٠ ساڵە مەلای گوندی "ژاراوێ"یە و بە کەسێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی کورد ناسراوە، هەر بۆیە لە لای خەڵکی ناوچەی دۆڵێ و مەحالی دەشتی ورمێ کەسێکی خۆشەویست بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری مەلا شەریف دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد

وەستا محەممەد برای وەستا ئەحمەد کووهگەرد، فەرماندەری شەهیدی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد. وەستا محەممەد کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەی بۆکان بوو و جێ‌پەنجەی لە سەر بەشێك لە بیناکانی شاری بۆکان و قوتابخانە و مزگەوتەکانەوە دیار و بەرچاوە. وەستا محەممەد بە دەیان جار لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە خرابووە ژێر ئەشکەنجە و گوشارەوە و لە گرتووخانەکانی بۆکان و مەهاباد بە بیانووی جۆراوجۆر زیندانی کرابوو. ئەو کەسایەتییە بە بەردەوامی شانازیی بە برا و فەرماندە شەهیدەکەیەوە دەکرد. وەستا محەممەد لە ساڵی ١٣٦٥ هەتا ١٣٦٧ لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی بۆکان و گرتووخانەی ورمێ لە بەندی ١٥دا زیندانی کراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵەی وەستا محەممەد و خەڵکی ناوچەی بۆکان دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات بە هۆی رووداوێکی نەخوازراوەوە لە ناوچەی شامات گیانی لەدەست دا

ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی شامات بە هۆی وەرگەڕانی تەراکتۆرەوە گیانی لەدەست دا. نەبی عەلی کەدخودانەبی تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی ئاوایی تازەکەند ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی پەیوەست بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و بۆ ماوەی نزیك بە دوو ساڵ شانازیی پێشمەرگایەتیی پێ بڕابوو. نەبی دوای ئەوەی‌کە چۆوە ناوچەی شامات دەستی لە تێکۆشان هەڵنەگرت و وەك ئەندامێکی دڵسۆز ئەرکە پێ‌ئەسپێردراوەکانی بەڕێوە دەبرد. نەبی کەدخودانەبی ماوەیەکی زۆر کەمیش بوو کە ژیانی هاوسەرگیریی پێك هێنابوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی نەبی و خەڵکی ناوچەی شامات دەکات.

## باوک و خوشک و هاوسەری چەند شەهیدی رێگای رزگاریی کوردستان لە ورمێ کۆچی دواییان کرد

مام ساڵح ناتق کوڕی ئەحمەد، خەڵکی گوندی تەندرووکی سەر بە ناوچەی ئەنزەل، باوکی شەهیدی حیزبی دێموکرات بەناوی "شەوێش ناتق" و مامی شەهید "حەیدەر ناتق" کۆچی دوایی کرد. مام ساڵح کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و لەبنەماڵەیەکی وڵاتپارێزی ناوچەی ئەنزەل بوو کە بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەچەند دەیەی رابردوودا، نرخێکی زۆریان داوە. تەرمی خوالێخۆشبوو سەر لە بەیانیی رۆژی هەینی رێکەوتی ٨ی خەرمانان لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی نیشتمانپەروەری شاری ورمێ لە گۆڕستانی ئیسلام ئابادی ئەو شارە دا، بە خاك سپێردرا.

هەروەها رێکەوتی ٥ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی "بولبول عەزیزی" خەڵکی گوندی "نەناس"ی ناوچەی "دۆڵ"ی ورمێ ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی پاش عەمەلیاتێکی سەرکەوتوانەی هێزی شەهید "سمکۆ"ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران لە گوندی نەناس، هێزی دوژمن کوژراو و برینداریکی زۆری لێ کەوتەوە. پاشان هێزەکانی رێژیم و دەست و پێوەندییەکانیان کە توانای بەربەرەکانێیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەمابوو، هێرشیان کردە سەر بنەماڵە و کەس و کاری پێشمەرگەکان و خوشکە "بولبول عەزیزی"یان کە دوو براو و برازایەك و هاوسەرەکەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، لە کاتی نان کردندا دایە بەر رەهێڵەی گوللە. لەم هێرشەدا "بولبول عەزیزی" ٣٠ گوللە لە لەشی کەوت و هەر بەو هۆیەوە بۆ ماوی ٣٠ ساڵ لەسەر جێگا کەوتبوو. بولبول عەزیزی ژنێکی قارەمانی نەتەوەی ئازەری و هاوژینی مستەفا عەبدیل‌زادە برای شەهید حوسێن عەبدیل زادە بوو.

رێکەوتی ١١ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی، "ئەنتیقە مورادی" کچی "یووسف" هاوسەری شەهید "فیرووز پاشایی" و خەڵکی گوندی "ساکان"ی سەربە ناوچەی "سۆمای برادۆست"ی شارستانی ورمێ، لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. شەهید فیرووز پاشایی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لەگەڵ شەهید "نەحوی"ی برای و شەهید "رەزا"ی مامی لە بەرەنگارییەکی کەم وێنەدا، بە دەستی هێزەکانی رێژیمی پاشایەتی شەهید کران. دایە ئەنتیقە پاش شەهیدبوونی هاوسەرەکەی سەرپەرستیی دوو منداڵی بە ئەستۆ گرت و هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی بە رێبازی شەهید فیرووز و هاورێیانی وەفادار مایەوە. تەرمی دایە ئەنتیقە لە نێو ئاپۆرای خەڵکی گوندی "ساکان" بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانی خوشکە بولبول و مام ساڵح و دایە ئەنتیقە دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

### ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب:

# چۆڵکردنی کوردستان دەبێتە هۆی گۆڕانی دێموگرافی و نیشتەجێکردنی عەرەبەکان لە ناوچە کوردییەکانی سووریەدا

دیمانە: شەهاب خالیدی



**لێژنەی بە دواداچوونی ڕاستییەکانی پەیوەندیدار بەکۆمەڵکوژیی کوردانی کوردستانی ڕۆژئاوا، کە لە نوێنەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان پێکهاتبوو، ڕۆژی ١٨ی ئووت گەیشتە کوردستانی ڕۆژئاوا و دوای چەند لێکۆڵینەوە، لێژنەکە گەڕایەوە کوردستانی باشوور و ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی لە سەر ڕەوشی کوردانی کوردستانی ڕۆژئاوا پێشکەش بە کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کرد و دواتریش ئەو ڕاپۆرتە بۆ سەرۆکی هەریمی کوردستان بەڕێ کرا. لەو پەیوەندیدا ڕۆژنامەی کوردستان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەڕێز ڕۆستەم جهانگیری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامی ئەو لێژنەی پێکهێناوە کە سەرنجتان بۆ دەقی ئەو وتووێژە ڕادکێشین:**

**پ: سەرەتا باسی ڕەوشی ئەمنیەت و ئاسایشی کوردستانی ڕۆژئاوا و ڕەوشی ژیانی خەڵکی ئەو بەشەمان بۆ بکەن؟**

**و:** هەر وەك ئێوە ئاگادارن لە سەر بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو لێژنەیە پێکهات. دیارە ئەو لێژنەیە ڕێنوینی و بڕیارەکانی هەیئەتی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی بەڕێوە برد. ڕۆژی ١٨ی ئووت ئێمە لە دەروازەی سنوریی "سێ‌مالکا"وە ڕۆیشتین بۆ نێو خاکی کوردستانی ڕۆژئاوا. ئێمە لەوێ لەلایەن هەیئەتێکەوە بە سەرپەرەستی سینەم موحەمەد هاوسەرۆکی ئەنجوونی گەلی ڕۆژئاواوە بە گەرمی پێشوازیی کرایین. من لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە زۆر سوپاسی مێواندارییەکەیان و زحمەتەکانیان بکەم. لەوێ هەرێمێکی ئازاد دەبینرێت. هێزەکانی حکومەتی ورەیان تێدا نەماوە و ئەو ناوچەیە لە لایەن PYD ەوە دەپارێزرێ. خەڵکی ئازادن و گوند و شارەکان لە دەستی کوردەکاندایە. لەوێ تەنیا جاروبار شەڕ لەو ناوچە سنو و ر ییا نە ی نێوان کوردەکان و عەرەبەکاندا روو دەدات. لە گوند و شارەکاندا هاتنە ژوور و چوونە دەرەوە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی PYDدایە. لە بواری ئاسایش و تەناهییەوە ڕەوش باشترە، بەڵام ژیان و گوزەرانی خەڵك زۆر خراپە، خواردن و خواردەمەنی زۆر کەمە، ئاو و بەرق لە هێندێك شار بە تەواوی بڕاوە. لە بواری دەوا و دەرمان و پێڕاگەیشتنی پزیشکی و دوکتورەوە ڕەوشی ئەو ناوچەیە زۆر خراپە. ئەگەر ئەو ڕەوشە نالەبارە هەر ئاوا بەردەوام بێ، وێدەچێ کارەساتێکی مرۆیی روو بدات. هەر بۆیە هێزە ناوچەییەکان، بەتایبەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ ڕێگاچارەیەك بۆ ئەو وەزعە نالەبارە بدۆزێتەوە و هەوڵ بدات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئەو ناوچەیە. ئێمە لەوێ لەگەڵ هەموو دەستە و گروپی نێو کۆمەڵگای کوردی دانیشتن، لەگەڵ لاوان، ژنان، کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان، لەگەڵ ڕۆژنامەوانان و کەسایەتییە ئایینی و جڤاکی و نەتەوەییەکان دانیشتنمان هەبوو و ئەوان ڕەوشی کوردستانی ڕۆژئاوایان لە هەموو بوارێکدا بۆ ئێمە شی کردەوە.

**پ: بۆچی نەتانتوانی سەردانی شاری "عاموودێ" بکەن؟ ئایا بێجگە لەو شارە، شوێنێکی دیکە هەبوو کە دەتانویست سەردانی بکەن، بەڵام نەتانتوانی؟**

**و:** ئێمە بە نێو شاری "عامووددێ"دا تێپەرین، لەوێ هێزەکانی PYD و PKK بە بیانووی ئەوەی کە لەو شارەدا کێشەیێکی سیاسی و تەنانەت عەشیرەیی هەیە، نەیانهێشت لێژنەکە سەردانی ئەو خەڵکە بکات و گوتیان کە ئێمە ناتوانین لەو شارەدا ئێوە بپارێزین. دیارە چەند مانگێك پێشتر هێزەکانی سەر بە PYD تەقەیان لە هێندێك خۆپیشاندەر کردبوو و چەند کەسیان کوشتبوو، بۆیە نەیانهێشت کە ئێمە لە نزیکەوە ڕەوشی ئەو شارە ببینین و لەگەڵ خەڵکی ئەو شارە و کەسایەتییە دیارەکانی ئەو شارە چاوپێکەوتنمان هەبێ. بە رای من ئەمە کەموکوڕییەکی لێژنەکە بوو کە دەبوا لەگەڵ خەڵکی ئەو شارەش لە نزیکەوە چاوپێکەوتنی هەبا، بۆیە من بە ناوی خۆمەوە داوای لێبوردن لە خەڵکی عامموودێ دەکەم. لە ڕاستیدا بەرپرسیاری سەرکی لێرەدا PYD بوو کە نەیانهێشت ئێمە کاری خۆمان لەوێ جێبەجێ بکەین. لە کا تی تێپەڕین لە شاری عاموودێ، چەند ئاڵایەکی کوردستانمان بینی، دەنا لە شوێنەکانی دیکە بێجگە لە ئاڵاکانی PYD ئاڵای دیکەمان هەر نەبینی، یان ئەگەر هەبا، لە یەك یان دو ئاڵا تێ نەدەپەڕی.

> **هەروەها هێزەکانی PYDش هەر لەو شارەدان و هەرکەس بیر لەو وەزعەی شاری قامیشلوو بکاتەوە، هەست بە هەبوونی هاوئاهەنگی و یەکدەنگی یان هاوپەیمانییەك لە نێوان دەوڵەت و PYDدا دەکات**

**پ: بۆچی PYD لە سەرتاەدا پێی وابوو کە ڕۆیشتنی لێژنەکە بۆ ئەوێ، دەکەوێتە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی دوژمنان؟ ئایا کۆمەڵکوژییەکی وا لە کوردستانی ڕۆژئاوا لەلایەن جبهەی ئەلەنسرەوە رووی نەدابوو؟**

**و:** نازانم، باشتر وابوو کە هاوڕێیانی PKK و PYD وەڵامی ئەو پرسیارەیان داباوە. ئەوەندەی من بزانم ڕۆیشتنی لێژنەکە بە قازانجی کوردستانی ڕۆژئاوا و بەڕێوەبەرانی ئەو ناوچەیە بوو. ئەو پاساوانەی کە ئەوان بۆ دژایەتیکردنی خۆیان لەگەڵ ڕۆیشتنی لێژنەکە بۆ ڕۆژئاوا دەیانهێنا بۆ ئێمە جێگای قبووڵ کردن نەبوون، بەڵام هەرکەسێك سەردانی کوردستانی ڕۆژئاوا بکات، بۆی دەردەکەوێ کە خەڵکی ئەوێ داخوازیی سیاسییان هەیە، داوای یەکگرتنێکی نەتەویی لە هێزی باڵادەست لە کوردستانی ڕۆژئاوا دەکەن، داوای بەڕێوەبەرییەکی هاوبەش لە هەموو گروپ و لایەنی نێو کوردستانی ڕۆژئاوا دەکەن و بەڕێوەبەرییەکی تاك حیزبییان ناوێ. لە ڕاستیدا بەشی هەرە زۆری ناوچەکانی کوردستان لە دەستی هێزەکانی دەوڵەتی سووریەدا نەماوە، بەڵام لە شاری قامیشلوو ئیدارەکانی دەوڵەت هەر ماون و دام و دەزگاکانی دەوڵەتی کاری ڕۆژانەی خۆیان بەڕیوە دەبەن. هەروەها هێزەکانی PYDش هەر لەو شارەدان و هەرکەس بیر لەو وەزعەی شاری قامیشلوو بکاتەوە، هەست بە هەبوونی هاوئاهەنگی و یەکدەنگی یان هاوپەیمانییەك لە نێوان دەوڵەت و PYD دا دەکات. بۆیە شاری قامیشلوو لە لایەن هەردوو لایەنەوە دەپارێزرێ. لە بواری سیاسییەوە ئەم ڕەوشە هێندێك نیگەرانی بۆ کۆمەڵگای کوردی و غەیرە کوردی و هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا دروست کردووە. چونکە هێزەکانی ئەرتەشی ئازاد و ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان کاتێك دەیانهەوێ بێنە ناو خاکی کوردستان، دەڵێن کە ئێمە هێرش دەکەینە سەر هێزەکانی دەوڵەتی بەشارئەسەد، نەك کوردەکان ، لێرەدا ئاشکرایە کە دەستی دەوڵەتانی ناوچە و دەوروبەر لەو هێرشانەدا هەیە. هەرچەند کوردەکان لەو بەشەی کوردستاندا خۆیان پاراست و هەوڵیان دا کە ئەوان ئەبن بە لایەنێکی شەڕ، بەڵام بەداخەوە ئێستا بووە بە لایەنێکی شەر و ترسی من ئەوەیە کە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد، دیسان کوردەکان سەرکوت بکرێن، بە بیانووی هاوکاری و هاوئاهنگییان لەگەڵ دەوڵەتی سووریە. کورد دەبێ خۆی بۆ هەموو ئەگەر و پێشهاتێك ئامادە بکات، کورد لەوێ جارێ ئەو هێزە گەورەیە نییە کە بتوانێ بەرگەی تەواوی سیناریۆکان بگرێ، یەکگرتوویی و یەك گوتاری لە نێو کوردی کوردستانی ڕۆژئاوادا نییە و لایەنێك دەستی بەسەر تەواوی کوردستاندا گرتووە.

**پ: کاتیك کە ئێوە لە شاری "دێرك" بوون، ئەوێ لە لایەن هێلی کۆپترەکانی ڕێژیمەوە بۆردمان کرا، ئایا ئەگەر PYD لەگەڵ ڕێژیمی بەشارئەسەد بێ، چۆنە کە ئەوێ بۆردمان دەکات؟**

**و:** کاتێك ئێمە گەیشتین بە شاری "دێرك"، خەڵکی ئەو شارە و لایەنە سیاسییەکانی دیکە وتیان کە کاتژمێر ٩ تا ٩/٥ی بەیانی هێلی‌کوپتەرەکانی ڕێژیمی سووریە هێرشیان کردووەتە سەر شوێنی خەڵکی مەدەنی و ئەو شوێنانەی کە نیزامی نین و لەلایەن هێزەکانی PYD ەوە تەقەیان لێ نەکراوە. ئەمەش بۆ خەڵك جێگای پرسیار بوو. بۆ تەقەیان نەکرد و بەرگرییان لە خەڵك نەکرد، لێرەدا دەبێ هاوڕێیانی PYD وەڵام بدەنەوە.

**پ: ئەو لێژنەیە، چەندە لە کاری خۆی و چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەی قوربانیان ڕازی بوو؟**

**و:** بە داخەوە نەمانتوانی سەردانی ئەو شوێنانە بکەین کە شەڕی قورسی تێدا بوو و خەڵك کوژرابوو، گوندەکانی "تل عەران" و "تل حاسڵ" لە دەست هێزەکانی ئەرتەشی ئازاد و گرووپە ئیسلامییەکاندایە، بەداخەوە خاکی کوردستانی ڕۆژئاواش لە دووبەش پێك هاتووە و بەسەر یەکەوە نییە و لە نێوانیاندا عەرەب هەیە، ئێمە دەبوایە ڕۆشتبایین بۆ نێو خاکی کوردستانی باکور و لەوێ ئیزنمان لە دوڵەتی تورکیە و ئەرتشی ئازاد لە سنوورەکاندا وەرگرتبا تاکوو بمانتوانیبا سەردانی ئەو شوێنانە بکەین، کە ئەمەش بۆ ئێمە جێبەجێ نەدەبوو. ئەوەی کە روون و ئاشکرا بوو لەوێ شەڕ هەبوو، لەوێ خەڵك کوژرابوو، ژن و منداڵ و لاو و پیر کوژرابوون، یان بە دیل گیرابوون، بەڵام بەم شێوەیەی باسی کۆمەڵکوژی دەکرا، شتێکی وامان نەبینی.

لە ڕاستیدا هیچ کەسێك نەبوو کە ناوی دە کەسمان پێ بڵێ کە لەو دوو گوندەدا کوژرابن، تەنیا ناوی سێ چوار کەسیان دەدا. داوامان لەوان کرد کە ئەگەر فیلم یان وێنە هەیە بۆمان بێنن، بەڵام نەیانبوو. ئێمە لە شوێنێك لەگەڵ چوار بنەماڵە دانیشتین کە خەڵکی ئەو دوو گوندە بوون، چەند سەعاتێك پێکەوە قسەمان کرد و فیلمی ئەو دانیشتنە لای ئێمە هەیە و ڕاپۆرتەکەی تەحویلی هەیئەتی ئامادەکاریی کۆنگرە دراوە.

**پ: ئێوە بە تەواوی لە کاری لێژنەکە ڕازی بوون؟**

**و:** هەر چەند کە نەمانتوانی سەردانی هەموو شوێنەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا بکەین و بەتایبەتی سەردانی دوو گوندی "تل عەران" و "تل حاسڵ" بکەین، بەڵام دیسانەکەش توانیمان لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی ناو پرسە پێوەندیدارەکانی ئەو بەشەی کوردستان بین و ڕاپۆرتی ئەو سەردانەمان بۆ لێژنەی ئامادەکار بەڕێ بکەین و بگاتە دەستی ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە لە کاری لێژنەکەمان بڕوانین، بەڵێ لێژنەی لێکۆڵینەوەی ڕاستییەکان سەرکەوتوو بوو، بەڵام نەیتوانی هەموو ڕاستیەکان وەدەست بخات.

**پ: ئایا ئەگەر کۆمەڵکوژی لە**



لیژنەی بەدواداچوونی راستییەکانی کۆمەڵکوژیی رۆژئاوا و هێزی پاراستنیان

**کوردستانی رۆژئاوادا روویدابا و لەو ئاستەدا با کە باسی لێوە دەکرا، کۆنگرەی نەتەوەیی دەیتوانی هەڵوێستی توند و بە کردەوەی هەبێ؟**

**و:** بەڕای من هەرێمی کوردستان کە سیستەمی دەوڵەتی هەیە، هێزی مادی، مەعنەوی و نیزامیی هەیە، لە کۆنگرەی نەتەوەیی زیاتر دەتوانێ هەڵوێست بگرێ، بەڵام کۆنگرەی نەتەوەییش دەتوانێ هەڵوێستی خۆی هەبێ و کوشتاری خەڵکی کورد لە سووریە شەرمەزار بکات و بە شێوەیەکی فەرمی داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کە ئاگای لە کوردەکان بێ، داوا لە ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و لایەنە سیاسی و حکومەتییەکان بکات کە کوردەکان بپارێزن و یارمەتیدەریان بن. بەڵام ئاشکرایە کە نەك کۆنگرەی نەتەوەیی، بگرە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ناتوانێ بە شێوەیەکی نیزامی دەستێوەردان بکات و ئەمە دژی یاسا و ڕێسا و پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانە. هێزی تەواوی کوردان بە قەد هێزی تەواوی ئەو وڵاتانە نییە کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە و هێندێك لایەن کە باسی دەستێوەردانی نیزامیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەم شێوەیە هەستی نەتەوەیی کوردەکان بە قازانجی سیاسیی خۆیان دبزوێنن، دەنا ئەگەر ئێمە چاو لە حکومەتە عەرەبەکان بکەین، دەبینین کە هێزیکی سیاسی و ماددی و نیزامیی زۆریان هەیە، بەڵام ناتوانن لە پرسی فلستیندا دەستێوەردان بکەن، یان تا ئەوکاتەی دەنگی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان لە پشت نەبێ ناتوانن دەستێوەردان لە نێو سوریەدا بکەن، هەر بۆیەش کوردیش کە وڵاتێکی سەربەخۆی نییە، ناتوانێ یاسا نێونەتەوەییەکان پێشل بکات.

**پ: ئایا پێتان وا نیە بەجێهێشتنی خاکی کوردستان و ئەم هەموو ئاوارە بوونە لە قازانجی کورد نیە و مەترسی گۆڕینی دێموگرافیای کوردستانی بەدواوەیە؟**

**و:** هەر وەك باسمان کرد، لەم وڵاتەدا سەرهەڵدان هەیە، دەستی هێزی ناوچەیی و نێو دەوڵەتیی تێدایە و برسیەتی و بێکاریی تێدایە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە چۆڵکردنی کوردستان دەبێتە هۆی گۆڕینی دێموگرافیای کوردستان و نیشتەجێ بوونی عەرەبەکان لە شوێنی کوردەکاندا، بەپێی قسەی بەرپرسان لە شاری قامیشلوودا ڕێژەی کورد و عەرەب وەك یەکن. بۆخۆیان کەمپ لەو بەشەدا دروست بکەن و تیدا نیشتەجێ بن، بەڵام شوینی خۆیان نەفرۆشن. لەو شوێنانەی کە کورد دەژین، هەمیشە سیاسەتی ڕێژیم تەعریب کردن بووە بۆ ئەوەی سووریە وڵاتێکی عەرەبی بێ، نەك عەرەبی و کوردی.

**لەو شوێنانەی کە کورد دەژین، هەمیشە سیاسەتی ڕێژیم تەعریب کردن بووە بۆ ئەوەی سووریە وڵاتێکی عەرەبی بێ، نەك عەرەبی و کوردی**

# تەقینەوەکانی لوبنان و قەیرانی سوریە

شەماڵ تەرغیبی

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١ی خەرمانان بەرانبەر لەگەڵ ٢٣ی ئووت، چەند تەقینەوەی بەهێز لە ترابلۆسی لوبنان روویان دا کە بە پێی ئامارەکان ٤٥ کوژراو و زیاتر لە ٥٠٠ کەس کووژراوی لێکەوتەوە. ئەمە بە خوێناویترین رووداوی تێرۆریستی لە پاش کۆتایی شەڕێ نێوخۆیی لوبنان لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینی دێتە ئەژمار. لقی باکووری ئافریقای ئەلقاعیدە، حیزبوڵڵای لوبنانی بە بەرپرسی ئەم رووداوانە تۆمەتبار کردووە و هەڕەشەی لێکردوون کە حیزبوڵڵا لە بەرانبەر ئەم کردەوەیدا سزا دەدرێت. ئەم تەقینەوەی ترابلۆس (سونی نشین) پاش تەقینەوەکەی شاری بەیرووت (شیعەنشین) هاتە ئاراوە. واتە یەکەم گریمانە کە سەبارەت بەم پرسە دەکرێت ئەوەیە کە زنجیرە تەقینەوەکانی لوبنان چەشنێك لە شەڕی مەزهەبی لەم وڵاتەیە کە تێیدا پێڕەوی لە مێتۆدی "کوشتنی هاوڵاتیانی سڤیل" دەکرێت. بەم پێیە یەکەم هۆکاری سەرهەڵدانی دووبارەی ئەم ئاریشەیە، کێشە لەمێژینە مەزهەبییە چارەسەرنەکراوەکانە لەم وڵاتەدا. ئەگەرچی بێ چارەسەر مانەوەی کێشە مەزهەبیەکان تایبەت بە لوبنان نیە، لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی کە لق و مەزهەبەکانی ئیسلام لەگەڵ یەکتر دەژین، ئەم کێشە بە شێوەی پەنگراو و شاراوە وەك خۆی ماوەتەوە، ناوە بە ناوە لە یەکێك لەم وڵاتانەدا ئەم پرسە دەورووژێت و هەر جارە و کارەساتێکی مرۆیی لێدەکەوێتەوە. بەڵام جیا لەم هۆکارە کە خۆی لە خۆیدا کێشەخولقێنە، مەسەلەی دنەدان و رەوشی ناوچەییش کاریگەری و شوێندانەریی خۆی هەیە کە لە شوێنی خۆیاندا گرینگیی تایبەتییان هەیە. بۆ نموونە ئەم رووداوەی لوبنان، بە رای کارناسانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوابەدوای قووڵتر بوونەوەی قەیران و ئاراستەکانی سووریە، وڵاتی دراوسێی لوبنان هاتۆتە ئاراوە. هەڵوێستی لایەنە سیاسیەکان لە لوبنان، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لە رەوتی سووریە وەرگرتووە: لە لایەکەوە حیزبوڵڵای لوبنان وەك ئاڵاهەڵگری هیلالی شیعی لەم وڵاتە بە پشتیوانیکردنی ماددی و مەعنەوی لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد بوونیان هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە لایەنە سوننی مەزهەبەکانی لایەنگری دژبەرانی ئەسەد پاڵپشتی لە خەبات بە دژی بەشار ئەسەد دەکەن. کەواتە رووداوەکانی رۆژی هەینی لوبنان، نەك دەرەنجامی دەمارگرژییەکی وشکی مەزهەبی کە تەنانەت ئاکامی چەشنێك لە جەمسەربەندیی ناوچەییە.

جەمسەربەندییەك کە بێگومان هاوسەنگیی هێز لە ناوچە و لە لوبنان دەگۆڕێت. ئەم بارودۆخە تەنانەت کاریگەری لەسەر ڕێکخستنەکانی لایەنی حیزبوڵڵاش داناوە، بەپێی دوایین راپۆرتەکان هەنوکە رەوتێك لە نێو شیعەکانی لوبناندا سەری هەڵداوە کە دژی ئامارەکانی حیزبوڵڵایە. کەواتە هاوکات لەگەڵ ئاڵۆزتربوونی قەیرانی سووریە و گۆڕینی گۆڕەپانی یارییەکە لە ناوچەدا، کەش و دۆخێکی هەستیارتر دێتە ئاراوە، بەو مانایە کە پەلکێشکردنی کێشەکان لە سووریەوە بۆ وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەت لوبنان، تاکتیکێکی نوێی پشتیوانانی ئەسەد لەمەڕ: ١ـ گۆڕینی یاساکانی ئەم گەمە ٢ـ بە لاڕێدابردنی بیروڕای گشتی ٣ـ ئاڵۆزکردنی ناوچە و لە ئەنجامدا کڕینی کاتی زیاتر بۆ بەردەوامیی زیاتری ڕێژیمی زاڵ بە سەر سووریە. ئەمەش روون و ئاشکرایە کە قەیرانە ناوچەییە پەیوەندیدارەکان بە سووریە لە ڕێگەی دنەدانی دەستێکی دەرەکییەوە ئەنجام دەدرێت کە بە ئاوڕێکی کورت دەردەکەوێ کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەر وەك دەڵێن خاڵە لێك گرێ دراوەکان و قازانجە هاوبەشەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی بەعسی سوریە و حیزبوڵڵای لوبنان ئەوەندە زۆرن کە شکانی هەرکام لەم ٣ جەمسەرە بە واتای لاوازبوون و تەنانەت شکان و رووخانی جەمسەرەکانی دیکەیە. کەواتە تا رادەیەك سرووشتی دێتە پێش چاو کە ئەم دوو لایەنە، واتە کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵا بەم شێوەیە پاڵپشتی لە ڕێژیمی ئەسەد بکەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە باشی دەزانێت کە چارەنووسی وڵاتی سووریە راستەوخۆ کاریگەری لە سەر مان و نەمانی خۆیشی دەبێت هەر ئەمەشە کە لە دژکردەوە و هەڵوێستی ئامریکا و وڵاتانی رۆژئاوایی و ئەگەری شەڕی سەربازی و هێرش بۆ سەر دەمشق، ڕێژیمی تاران هەڕەشەی ئەوە دەکات کە پەلاماری نیزامی بۆ سەر سووریە بە واتای تەقاندنی فیشەك لە ئەنباری بارووتە.



## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### هێرشی شیمیایی ڕەنگە بووبێتە پیشەی سووریە

ماڵپەری "گاردییەن" راپۆرتێکی بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا باسی زانیارییەکانی دەزگای سیخوڕیی ئاڵمان لەمەڕ چەندایەتی و چۆنایەتیی بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لە قەیرانی سووریەدا دەکات و بە بەهێزترین و وردترین زانیاریی لەبەردەستی دەزانێ.

لە پاراگرافی سەرەتای راپۆرتەکەی "گاردییەن"دا هاتووە: "لە درامای پڕتێچوو لەسەر کەڵکوەرگرتن لە چەکی شیمیایی لە سووریەدا، ئەمریکا، فەڕانسە و بریتانیا هەموویان روونیان کردووەتەوە کە ڕێژیمی ئەسەد بە بەرپرسیاری هێرشی غووتە لە ٢١ی ئاگۆستدا دەزانن. سووریە تۆمەتەکەی ڕەت کردووەتەوە و وەك رووسیەی هاوپەیمانی نزیکی، شۆڕشگێڕەکان تۆمەتبار دەکات. هیچکام لەم لایەنانە تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکیان بۆ پشتیوانی لە هەڵوێستەکەیان نەخستووەتە ڕوو. هەڵسەنگاندنی سیخوڕیی ئاڵمان هەندێ وردەکاریی سەرنجڕاکێشی نوێی بە زانیارییەکان زیاد کردووە.

دێر شپیگڵ نووسی کە گێرهارد شنایدر، سەرۆکی BND، سروێسی سیخوڕیی دەرەکی، رۆژی دووشەممە بە پارلمانتارەکانی برلینی وت کە لە کاتێکدا هێشتا "بەڵگەیەکی سەلمێنەری حاشاهەڵنەگر" لە ئارادا نیە، شیکاریی بەڵگەکان سێرویسەکەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە ڕێژیمی ئەسەد تاوانبارە. شنایدر هەروەها پێداگریی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە شۆڕشگێڕەکان توانایی ئەنجامدانی وەها هێرشێکی کۆمەڵکوژانەیان نییە."

لە بەشێکی دیکەدا نووسراوە: "شنایدر زانیارییەکی زیاتری خستووەتە ڕوو کە تا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە. ئەو وتی کە BND گوێی لەو وتووێژانە گرتووە کە لە نێوان ئەندامانی پلەبەرزی هێزی میلیشیای حیزبوڵڵای لوبنان کە پشتیوانی لە ئەسەد و یارمەتیی نیزامیی ڕێژیمەکەی دەکات و باڵوێزخانەی ئێراندا روویان داوە (نەوتراوە لە باڵوێزخانەی بەیرووت بووە یان دیمەشق). شنایدر راپۆرتی داوە کە وا دیارە کارمەندێکی حیزبوڵڵا قبووڵی کردووە کە گازی ژەهراوی بەکار هێنراوە. ئەو دەڵێ کە ئەسەد مێشکی لە دەست داوە و هەڵەیەکی گەورەی کردووە کە ڕێگەی بە بەکارهێنانی چەکە شیمیاییەکان داوە.


ئەو زانیارییە نوێیەی BND دەکرێ لە رۆژانی داهاتوودا گرینگ بێت. تا ئێستا، ئەمریکا تەنیا رایگەیاندووە کە پاش هێرشەکە، دەزگا سیخوڕییەکان ڕێگەیان لێ گیراوە کە بچنە نێو دەزگا دەوڵەتییەکانەوە و ئەوەش نیگەرانیی سوریە لە ئەگەری سەردانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شوێنەکە دەر دەخات. ئەو وتووێژە تەلەفوونییانەی لە لایەن BNDیەوە تۆمار کراون، دەکرێ تیکەیەکی گرینگی ئەو پازڵە بێت کە تا ئێستا لە لایەن کارناسانی دەزگا سیخوڕییەکانی رۆژئاواوە کۆ کراوەتەوە.

بەشداریی ئاڵمان لە قەیرانی هەنووکەدا وێدەچێ جیدی بێت. BND ڕیکۆردێکی باشی لە رووماڵکردنی سیخوڕیی لوبنان، سوریە (و ئێران) هەیە و زۆرجار لە نێوان ئیسرائیل، دیمەشق و حیزبوڵڵادا رۆڵی نێوبژیوانی گێڕاوە."

سەرچاوە:
theguardian.com/uk

# مەکینەی کارەبا

عەلی ئەشرەف دەرویشیان
و: ناهید حسێنی



بەخشدار گوتی: "فووکەن بە کەڕەنادا و لە دەهۆڵەکان بدەن."

و دەهۆڵ و زۆڕنا ژەنەکان، فوویان بە کەڕەنادا کرد و دەهۆڵیان کوتا. سەرلەبەیانی تەلگراف گەیشتبوو کە مەکینەی کارەبا بە دوو کامیۆنی دیزلەوە لە کرماشانەوە بەڕێ کەوتووە. خەڵك لە دەوری گۆڕەپانە بچووکەکە کۆببوونەوە و سەرچۆپییان دەکێشا.

لە چەند مانگ لەوەپێشەوە دارتێلەکانیان لە تەنشت تاکە شەقامی شارۆچکەکەوە کە هێشتاش ئاسفاڵت نەکرابوو، چەقاندبوو. کرێکارێك بە پێڵاوی تایبەتەوە هەمووڕۆژێك لە دارتێلەکان هەڵدەگەڕا و سەروخواری دەکرد و سیمەکانی لە قرقرکان هەڵدەپێچا. شەوێکیش ڕەشەبایەك هەموو دارتێلەکانی خستە سەر زەوی و بۆ مانگێکی دیکەش کارەکانی وەدوا خست. سەرەڕای ئەوەش، ئەوانەی دەستڕۆشتوو بوون و پشکی سەت تمەنییان کڕیبوو، پەیتا پەیتا گڵۆپیان دەکڕی و سیمکەشییماڵکانی خۆیانیان دەکرد. رادیۆی کارەبایی گەورە بە قیستی درێژخایەن دەفرۆشرا. داری ئانتینەکان لە سەربانەکان قایمدەکران. خەڵکانی بێکار دەستەدەستە لە دەوری دارتێلەکان کۆدەبوونەوە و دەکەوتنە چەلەحانێ.

مەئموورێکی بەخشداری و سێ کەس لە باوەڕپێکراوانی خەڵك لە شارۆچکەکە، بۆ کڕینی مەکینەی کارەباکە رۆشتبوون. بینایەکی ئاجووریی گەورە بە میچێکی لەوحەی تۆکمەوە، لە لای خوارووی شارۆچکەکەوە بۆ شوێنی مەکینەکە درووست کرابوو. عارەق لە سەروملی دەهۆڵ و زوڕنا ژەنەکانەوە چۆڕەی دەکرد. چۆپی کێشەکان دەستەدەستە جێگۆڕکێیان دەکرد. رۆژ وردە وردە رووی لە تاریکی نابوو. لەپڕ هەواڵیان هێنا کە لە دوورەوە رووناکیی گڵۆپی کامیۆنەکانیان بینیوە. خەڵکەکە کەوتنەخۆیان، هەراوزەنا و چەپڵەڕێزان و قریوەی شادی بەرزبوویەوە. جان خانی سەروپێ فرۆش، چرا نەوتییە پێچکە بلوورییەکەی بە مەبەستی کڕینی نەوت گرتبوو بە دەستییەوە، لە نێوان سەیرکەراندا وەستابوو و بۆ پێشەوە سەرەتاتکێی دەکرد. لەبەرئەوەی زۆر چبووە پێشەوە، ژاندارمێك بۆ پشتەوە پاڵی پێوەنا. خان جان خۆی پێ رانەگیرا، بە پشتا درا بە زەویدا و چراکەی دەستی ورد و خاش بوو. خان جان هەستایەوە. چاوی بە لەت و پەتی چراکەی کەوت، لە تووڕەییدا رەش هەڵگەڕا. چاوە پف کراوەکانی هەڵگەڕایەوە و زرم لە بن گوێی ژاندارمەکەی سرەواند. ژاندارمەکانی دیکە هاتنە یارمەتی هاوکارەکەیان و خان جانی سەروپێ فرۆش لە بن پێلەقەدا شێلرا. پاشان وەکوو گوێنوویەکی پڕ لە ئێسقان راکێشی بەڕێوەبەرایەتی ژاندارمەرییان کرد.

بەخشدار بە دەموچاوێکی خرت و سپییەوە، لە بەرامبەر خەڵکەکەدا وەستا بوو. لەپەستا فرمانی دەدا.دەنگی کامیۆنەکان دەهاتە بەرگوێ. کامیۆنەکان گەیشتنە بەرەوە و لەبەردەم گۆڕەپانە بچووکەکەی شارۆچکەکەدا رایانگرت. خەڵکەکە هەلهەلەیان دەکێشا. بەخشدار چووە پێشەوە. پیاوە باوەڕپێکراوەکان و شۆفێرەکان دابەزین و تەوقەیان لەگەڵ بەخشداردا کرد، سەرلەنوێ سوار بوونەوە. خەڵکەکە خۆیان بە درگا و قەبرغەی کامیۆنەکەدا هەڵواسیبوو و بەرەولای خوارووی شارۆچکەکە لۆژ بوونەوە و هەتا تەنشت بینا ئاجوورییەکە مەکینەکەیان بەڕێ کرد. بڕیاردرا بۆ بەیانی مەکینەکە دامەزرێنن و پاش هەفتەیەك ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی بۆ بگرن.

دەوروبەری کارخانەی کارەباکە قەرەباڵغ بوو. بە جەرەسەقیلێکی بچووك و هەندێ دارتێل و هاواری یاعەلی، یا عەلی، مەکینەکەیان لە درگا گەورەکە نزیك دەکردەوە. وردە وردە، ورتە ورت کەوتە ناو خەڵکەکە: "ئاستەمە لەم دەرکەوە بچێتە ژوورەوە."

ـ دەچێتە ژوورەوە، دەچێتە ژوورەوە، سەبرتان هەبێت.

ـ بە کوێدا دەچێتە ژوورەوە ئاخر، سەری بابت لە قوڕ نێی؟ ئەم پارووە بۆ دەمی ئەم بینایە گەورەیە.

دەنگە دەنگی یا عەلی یاعەلی کپ بووەوە. بەخشدار حەپەساو وەستا بوو. ئەو ئەندازیارەی لە شارەوە هێنابوویان، سەری رادەوەشاند. ئەو مێعمارەی بیناکەی درووست کردبوو چاوی بڕیبووە درگا تەنگ و ترشەکە.

ئەو رۆژە هیچیان پێ نەکرا، مەکینەکەیان لەوێ دانا و رۆشتن.

دەنگۆ کەوتە شارۆچکەکە کە مەکینەکە بە درگاکەدا ناچێت. خەڵك لە سووچ و پەناکاندا دانیشتبوون و گفتوگۆیان دەکرد: "هەموو تەمەنمان دەبێ لە تاریکیدا بژین."

ـ کاکە گیان، بەتاڵی تۆش. چیمان هەیە هەتا کارەبامان هەبێ. کارەبا نابێتە نان و ئاو.

ـ کابرا نانی نەبوو بیخوا ئەچوو پیازی ئەکڕی.

ـ پارەکەمان لە کیس چوو.

ـ ئەو هەموو سیمەی کڕیمان!!

ـ چی لەو گڵۆپانە بکەین!!

ـ وەخت بوو چراکانیشمان فڕێ دەین.

ـ ژنەکەم دوێشەو لە داخ و خەفەتا ئانتینی سەربانەکەی هەڵقەند و لەو سەرەوە تووڕیدایە کۆڵان. وەخت بوو ببێتە بایسی مەشەیی یووسفی بەقاڵیش.

ـ کارمان کەوتۆتە دەس خوا. مەگەر هەر خۆی فریامان کەوێ.

ـ یا میفتاحەلفەرەج یا ئەڵڵا.

هەواڵەکە گەیشتە گوندەکانی دەوروبەر. دوو چێوار هاتن و گوتیان کە دەتوانن بە شێوەیەك مەکینەکە بەرنە ناو بیناکەوە کە خەسارەت بە بیناکەش نەگات. خەڵکەکە حۆشحاڵ بوون. چێوارەکانیان بە سڵاو و سەڵاوات بردە ژوورەوە. ئەو دووانە وەك پێشەکی سەت تمەنیان وەرگرت و لە ماڵی یەکێك لە باوەڕپێکراوەکانی گەڕەکەکە نیشتەجێ بوون. چێوارەکان هەموو رۆژێ دەهاتن و لە تەنشت بیناکە رادەوەستان و پێکەوە قسەیان دەکرد و ئاماژەیان بە بیناکە دەکرد، سەریان رادەوەشاند و دەگەڕانەوە بۆ ماڵی خانەخوێ و دەرکەیان لە پشتەوە دادەخست. کەس نەیدەزانی خەریکی چین. تەنیا دواتر دایکی خاوەن ماڵەکە گوتبووی کە لە پشت درگاکەوە دەنگی پرخە پرخی بەرزی بیستووە. تا ئەو رۆژەی کە هەردوو پیاوەچێوارەکە بزر بوون.

رۆژی رێوڕەسمەکە گەیشت، بەڵام هێشتا مەکینەکە لە تەنشت بیناکەوە دانرابوو و تۆز و خۆڵی لێ دەنیشت. بەخشدار وتاری خۆی پێشکەش کرد. نوێنەری ئیدارەی فەرهەنگ وتاری خۆی پێشکەش کرد. بەرپرسی پۆستە و تەلگراف وتاری پێشکەش کرد. بەرپرسی ژاندارمەری وتاری پێشکەش کرد. بەڕێوەبەری ئیدارەی دانەوێڵە وتاری پێشکەش کرد. بەرپرسی ئیدارەی نیشتەجێ بوون وتاری پێشکەش کرد. بەرپرسی کارگەی جگەرە و تەماکۆ وتاری پێشکەش کرد. بەرپرسی ئیدارەی پەمۆ وتاری پێشکەش کرد. بەرپرسی ژمێریاری وتاری پێشکەش کرد. بەرپرسی لێڕەوارەکان وتاری پێشکەش کرد. بەرپرسی ئیدارەی تەندرووستی وتاری پێشکەش کرد و هەزار جۆر بەرپرسی دیکەش وتاریان پێشکەش کرد.

دەهۆڵ و زوڕنا ژەنەکان مۆسیقای فولکلۆریان ژەند. ژنان و پیاوان هەڵپەڕین و منداڵانیش لە دەوروبەری کارخانەکە چاوشارکێیان دەکرد. دەهۆڵ و زوڕنا ژەنەکان هەر ژەندیان و خەڵکیش بە سەروچاوی مۆن و داگیراوەوە هەر هەڵپەڕین و هەڵپەڕین. لە کۆتاییشدا شیرینی بەخشرایەوە و بەردەستەکانی ئیدارەکانیش پاشماوەی شیرینییەکانیان بردەوە بۆ ماڵی بەرپرسەکانیان و ئاهەنگەکە کۆتایی پێهات.

بڕیاردرا جەرەسەقیلێکی گەورەتر بەکرێ بگرن و لەوحەی سەربانەکە هەڵگرن و مەکینەکە لە سەرەوە بەرنە ناو بیناکەوە. هەر وەهاشیان کرد و خەڵکەکەش هەناسەیەکیان پێدا هاتەوە. کەسێکیش کە ئەزموونی سێ مانگ شۆفێریی تەراکتۆری هەبوو، وەکوو بەرپرسی مەکینەکەخانەکە دیاری کرا.

یەکەم شەو هەموو گڵۆپەکان سووتان. لەبەرئەوەی شۆفێری تەراکتۆر لە پڕ و بە خەیاڵی ئەوەی لە پشت تەراکتۆرەکەی دانیشتووە و دەیهەوێ شێفێکی قووڵتر لێبدات، خێرایی مەکینەکەی زیاتر کردبوو.

شەوی دووهەم کارەبا سێ کەسی گرت. یەکیان پەنجەی کردبوو بە نێوان سەرپێچی گڵۆپەکە و ئاسنە زەردەکەی بنی گڵۆپەکەدا و لەبەرخۆیەوە گوتبووی: "با بزانم ئەوە چییە لەو بنەدا...ئاااااخ...."

یەکێکی دیکەش لەبەر ئەوەی کارەباکە کەم و زیادی کردبوو، لە ترسی ئەوەی وەکوو شەوی پێشوو گڵۆپ نەسووتێ، شڵەژابوو و بە مەقەست سیمەکانی سەرەوەی پریزی کارەباکەی قرتاندبوو و بە تەپڵی سەرەوە، دابووی لە زەوی.

سێهەمینیشیان ئافتاوەی مسینەی وەکوو ئانتێنی رادیۆ بەکارهێنابوو. بەڵام ئافتاوە تەڕەکە کارەبای دزیبوو و کابرای فڕێدابووە سووچی ژوورەکەوە. لەو کاتەدا درابوو بە زەویدا بایەکی لێ بەربووەوە کە هەر دەسبەجێ لە هەموو شارۆچکەکەدا دەنگی دابووەوە. ئەویش بە ناچاری و لەبەر شەرمەزاری بە ماڵ و منداڵەوە کۆچیان کرد و ئاوارە بوون.

شەوی سێهەم گڵۆپەکان دانەگرسان. شەوی چوارەم کاتژمێرێك پێ بوون و دووبارە کوژانەوە و ئیدی هەرگیز هەڵنەبوونەوە.

سەرلەنوێ دەنگۆ کەوتەوە کە مەکینەکە کۆن بووە. ماوەی پێنج ساڵ لە یەکێك لە شارۆچکەکانی دەوروبەری ئیسفەهان ئیشی کردووە. پاشان ڕەنگێکی نوێ کراوە و بەناوی مەکینەی نوێ بە پیاوە باوەڕپێکراوەکانیان فرۆشتووە. خەڵکەکە سەرلەنوێ لە بن دیوار و دەوروبەری دارتێلەکان و لەملا و ئەولا دانیشتن و کەوتنە قسە و باس: "هەرچی گەنە، هی منە."

ـ ئەوەش مەکینەی کارەبا، چیدی خەیاڵمان ئاسوودە بوو.

ـ بە دەستی خۆمان، بابی خۆمان نایە قوونی سەگ ساڵێک سن لە گەنمەگەمان ئەدا، ساڵێك باران نابارێ، ئەمساڵیش مەکینەی کارەبا بوو بە ئەجەلمان؟

ـ قوڕ چوو بەسەرمانا.

ـ هێوامان بە خێرت نەما، شەڕی خۆتمان لێ لادە.

ـ خودایە، هەر تۆ پەنای، پەنا دەبەینە بەر خۆت.

ـ چی لەم هەموو سیم و گڵۆپە بکەین!؟

ـ خۆ بە سیمەکان دەتوانین خۆمان لە قەواخ بدەین.

گڵۆپەکانیش دەبڕینە خاوەنەکەی.

ـ چی لە قیستی رادیۆکان بکەین.

ـ ئاااااااخ ماڵوێران خۆین.

ـ شەقققققققققققققق.

تەنیا خان جانی سەروپێ فرۆش بوو کە بە تاوانی سووکایەتی کردن بە پیاوی حکوومەت لە کاتی ئیشدا، بە خەیاڵی ئاسوودە لە سووچی زیندان کەوتبوو و چاوەڕوانی رۆژی دادگایی دەکرد.

رێبەندانی ١٣٤٩

## بڵاوکراوەی نوێ



پەرتووکی کۆمەڵناسیی شار کە بە قەڵەمی د.رەسووڵ رەبانی نووسراوە و لەلایەن چەکۆ ئەحمەدی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، باس لە پێکهاتەی شار و دامەزرانی شار دەکات و هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی شار بەگشتی و ژیانی مرۆڤ و هەموو چین و توێژەکانی نیشتەجێ لە شاردا دەخاتە بەر توێژینەوەوە و بۆ پرس و بابەتە جۆراوجۆرەکانی شاری بچووك و نێونجی و کەڵانشارەکان پێشنیاری کۆمەڵناسانە پێشکەش دەکات.

ئەم پەرتووکە لەلایەن ناوەندی ئاوێر و چاپخانەی رۆژهەڵاتەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

# فێستیڤاڵی فیلمی ڤێنیز

فێستیڤاڵی فیلمی ڤێنیز یەکێك لە کۆنترین فێستیڤاڵە سینەماییەکانی جیهانە و وەکوو یەکێك لە گەورەترین فێستیڤاڵە سینەماییەکانی جیهان دێتە ئەژمار.

فێستیڤاڵی فیلمی ڤێنیز یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٢ی زایینی بەڕێوەچوو و لەگەڵ فێستیڤاڵەکانی کەن و بێرلین لە گرینگترین رووداوە سینەماییەکانی ئورووپا و جیهان بە ئەژمار دێن. ئەم فێستیڤاڵە لە ماوەی ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی بەڕێوە نەچوو و لە هێندیك ساڵیشدا بەشی کێبەرکێی ئەم فستیڤاڵە چالاك نەبووە.

خەڵاتی سەرەکیی فێستیڤاڵی ڤێنیز ، شێری زێڕینە و هەروەها ئەم فێستیڤاڵە خەڵاتێکی هەیە بە ناوی "خەڵاتی مرۆڤایەتی" کە بڕی ٥٠ هەزار دۆلارە و دەدرێت بەو ئەکتەر و سینەماکارانەی کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ چالاکیە مرۆڤ دۆستانەکان.

حەفتاهەمین فێستیڤاڵی فیلمی ڤێنیز رۆژی چوارشەممە ٦ی خەرمانانی ١٣٩٢(٦ی ئووت) لە هوتێل ئەکسلسیور بە نمایشی درامی زانستی ـ خەیالیی" دوکتور جکیل و ئاغای هاید" کە لە بەرهەمە کلاسیکیەکانی جیهانە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. یەکەم فێستیڤاڵی فیلمی ڤێنیز لە ٦ی ئووتی ١٩٣٢ بەم فیلمە رەش و سپیە دەستی بە کار کردووە.

لە حەفتاهەمین خولی فێستیڤاڵی ڤێنیز، ئەستێرە سینەماییەکان و کەسایەتی گەلێك وەك جۆرج کلۆنی، ئێسکارلت جانسۆن، مەت دێمون، جودی دێنج، کریستۆف واڵتس بەشدارییان کردووە.

ئەمساڵ بێرناردۆ بێرتۆلۆچی، دەرهێنەری بەناوبانگی ئیتالیایی پاش سێ دەیە و بۆ دووهەمین جار بەرپرسایەتی لێژنەی هەڵسەنگاندنی لە ئەستۆیە و هەروەها "گوڵشیفتە فەراهانی" هونەرمەند و ئەکتەری ئێرانیی دانیشتووی فەڕانسە، وەك ئەندامێکی لێژنەی هەڵسەنگاندنی حەفتاهەمین فێستیڤاڵی ڤێنیز لە بەشی "ئاسۆکان"ی ئەم فێستیڤاڵە بەشداریی دەکا. بەشی "ئاسۆکان" هەئیەتی هەڵسەنگاندنی جیاوازی هەیە و پێکهاتوون لە حەوت کەس و بەرپرسایەتی ئەم بەشە لە ئەستۆی "پۆل شرادر" دەرهێنەری بەناوبانگی هالیوودە.




فیلمی "ماسی و پشیلە"ی شەهرام موکری لە بەشی" ئاسۆکان"دا نمایش دەکرێ.

لە بەشی سەرەکیی ئەم فستیڤاڵەدا ٢٠ فیلم لەگەڵ یەکتر کێبەرکێ دەکەن کە ١٨ فیلمیان بەرهەمی دەرهێنەرە پیاوەکانە.

ئەو فیلمە ئێرانیانەی کە لەو فێستیڤاڵەدا تا ئێستا خەڵاتیان وەگرتووە بریتین لە:

فیلمی"مانگا" بەرهەمی داریوش مێهرجوویی، کە ساڵی ١٩٧١ خەڵاتی رخنەگرە نێونەتەوەییەکانی سی و دووهەمین فێستیڤاڵی فیلمی ڤێنیزی وەرگرت و هەروەها فیلمی " بازنە"ی جەعفەری پەناهی لە ساڵی ٢٠٠٠ دا خەڵاتی شێری زێڕینی ئەم فستیڤاڵەی بەدەست هێنا.


شایانی باسە ئەم فستیڤاڵە تا رێکەوتی ٧ی سێپتامبر بەردەوام دەبێ.

# قوتابخانەی رۆمانتیسم

بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمی فەڕانسە، هێما بۆ رەوتێکی فەرهەنگی دەکا کە بە قوتابخانەی" رۆمانتیسم" ناوزەد کراوە. "شاتۆبێریان" و "مادام دواتسال" بە وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەران و شاعێرانی ئینگلیسی و ئاڵمانی، قوتابخانەی رۆمانتیسمیان هێنایە فەڕانسە و پێناسەیان کرد. لە راستیدا رۆمانتیسمی فەڕانسە لە ژێر کاریگەریی رۆمانتیسمی بریتانیا و ئاڵمان هاتە ئاراوە بەڵام سەرەڕای ئەمە لە فەرانسە بوو بە قوتابخانەیەکی بەربڵاو و تۆکمە.بە شێوەیەك کە وردە وردە ئەدەبیاتی ئوروپا کەوتە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی رۆمانتیکی فەڕانسە. لە فەڕانسە ئەم قوتابخانە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٠٠تا ١٨٥٠ لە ئارادا بوو. ساڵی ١٨٢٤ "نودیە" نووسەرە لاوەکانی رۆمانتیکی لە گرووپێکدا بە ناوی " سناکل" لە دەوری یەك کۆ کردەوە. ساڵی ١٨٢٧ هۆگۆ سەرپەرەشتیی ئەم گرووپەی وەئەستۆ گرت و بەم چەشنە وەك سەردەستە و رێبەری رۆمانتیکەکان هەڵبژێردرا. ئەو بە بڵاوکردنەوەی درامە بە ناوبانگەکەی خۆی بە ناوی" شەڕی ئەرنانی" لە ساڵی ١٨٣٠دا ئەم قوتابخانەیەی گەیاندە ترۆپکی خۆی، کە لەم نمایشنامەیەدا هۆگۆ لە دژی بیروباوەری کلاسیکەکان هەڵسایەوە. پاش ساڵی ١٨٣٠، رۆمانتیکەکان بە دوو گرووپی ئازادی خواز و کۆنەپارێز دابەش بوون کە "هۆگۆ" و "وینیی" لە گرووپی کۆنەپارێزەکان و "ئێستاندال" لە گرووپی ئازادیخوازەکاندا جێیان گرتەوە و وردە وردە دوبەرەکی و دژایەتیی نووسەرەکان لەگەڵ یەکتر و چوونە نێو سیاسەت و بیروباوەڕە سوسیالیستیەکان بووە هۆی ئەوە کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا وردە وردە چرای ئەم مەکتەبە روو لە کزی بدات.

ژانری"رۆمانتیك" لە سەرەتادا لە واتاگەلی خەیاڵی، ئەفسانەیی، شاعیرانە، قارەمان ئاسا و سەرەنجراکێش بەکار دەبرا. بەڵام لە دەسپێکی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم وشەیە واتای مۆدێرن و ئەمرۆیی خۆی بە دەست هێناو و بۆ وێنا کردنی دیمەنە جوان و سەرنجراکێشەکانی سرووشت بەکار هێنرا کە تێڕامان و خەیاڵی لای بینەر دروست دەکرد. وشەی "رۆمانتیسم" بە درێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم وەك ناوێك دەلکا بە رەوتێکی ئەدەبییەوە کە هەوڵی دەدا ئەدەبیاتێکی نوێ بەرهەم بێنێتەوە کە لە دژایەتی لەگەڵ یاسا کلاسیکەکاندا بوو، یاساگەلێك کە بە لاسایی کردنەوە و پەیڕەوی کردن لە بەرەکانی پێشووتر، لەو سەردەمەدا هێشتاش پێویست بوو رەچاوبکرێن و باو بوون.بەم هۆیەوەو بەم قوتابخانەیە" قوتابخانەی دژی کلاسیك"یش دەگوترێ.

لە جیاوازییەکانی نێوان کلاسیسم و رۆمانتیسم دەکرێ هێما بۆ ئەوە بکەین کە کلاسیکەکان ئیدئالیست( ئارمانجخواز) بوون، واتە تەنیا لایەنە جوانەکانیان لە هونەردا باس دەکرد، بەڵام رۆمانتیکەکان، ریالیست( واقیع بین)ن، واتە بە بڕوای ئەوان راستیەکان چ باش و چ خراپ دەبێ باس بکرێن. وەکوو دیکەش کلاسیکەکان ئاوەزگەران، بەڵام رۆمانتیکەکان خەیاڵ پەروەر بوون. رۆمانتیسم خەباتە، ئەم خەباتە پێوەندی بە جیاوازیی نێوان جیلەکانەوە هەیە. رۆمانتیکەکان لاو و چاونەترسن و بە زێدەڕۆیی و داهێنانی نوێ لە شێوەی لە بەرکردنی جلوبەرگ و هەڵسووکەوت ببوونە جێی سەرنجی جیلی پێش خۆیان، واتە ئەو کۆنەپارێزانەی کە دەیانویست هونەر و ئەدەبیاتی کۆنەپارێزانەی کلاسیکەکان بپارێزن.



# ریالیسم

ریالیسم لە وشەی ریال(real)بە واتای واقیعی وەرگیراوە. ئەم قوتابخانە لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵدا. بنەمای ریالیسم لە سەر ئەساسی واقیعگەراییە و بابەتەکانی ئەو قوتابخانەیە پەیوەندیی بە کۆمەڵگای هاوچەرخەوە هەبوو. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە: ١. ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی ناوبانگێکی ئەوتۆیان نەبوو و لە گەڕەکی لاتینی فەڕانسە دەژیان و گاڵتەیان بە رۆمانتیکەکان دەکرد ٢. نیگارکێشەکانی قوتابخانەی "باربیزۆن" کە نەریتە کلاسیك و ئیتالیاییە باوەکانی ئەو سەردەمەیان رەت دەکردەوە و خوازیاری روانینی راستەوخۆ بۆ سرووشت بوون و لە بەرانبەر سروشتی راکردن لە واقێعییەتی رومانتیکەکاندا، دژکردەوەیان نیشان دەدا.

هەواڵ

## "سنووری شکاو" خەڵاتی "مۆسترێمپی ئیسپانیا"ی بەدەست هێنا

کورتە فیلمی "سنووری شکاو" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد "کەیوان کەریمی" خەڵاتی تایبەتیی فیستیڤاڵی فیلمی "مۆسترێمپی ئیسپانیا"ی بەدەست هێنا.

بەڕێوەبەرایەتیی راگەیاندنی گشتیی کورتە فیلمی دیکۆمێنتیی "سنووری شکاو" بڵاوی کردەوە، "سنووری شکاو" لە دەرهێنانی سینەماکاری لاوی بانەیی "کەیوان کەریمی" لە نوێترین بەشداریی نێودەوڵەتیی خۆیدا لە بەشی پێشبڕکێی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی مۆسترێمپ Mostremp لە وڵاتی ئیسپانیا، نمایش کرا و توانیی خەڵاتی تایبەتیی ئەم فیستیڤاڵە بەدەست بێنێت.

ئەو فیستیڤاڵە بە بەشداریی بەرهەمی سینەماکارانی وڵاتانی جۆراوجۆر لە ١ هەتا ٣ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی لە شاری "ترێمپ"ی وڵاتی ئیسپانیا بەڕێوەچوو.

بەگشتی لەلایەن سینەماکارانی سەرانسەری جیهانەوە، ١١٠٠ کورتە فیلم بۆ فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی مۆسترێمپ رەوانە کرابوو کەلە کۆتاییدا ٨ کورتە فیلم وەکوو کاندیدی سێ خەڵاتی فیستیڤاڵ دەستنیشان کرابوون کە خەڵاتی تایبەتیی ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی ئەم فیستیڤاڵە بە فیلمی "سنووری شکاو" بەخشرا.

کورتە فیلمی سنووری شکاو هەتا ئێستا هەشت خەڵاتی نێودەوڵەتیی لە فیستیڤاڵە بیانییەکاندا وەرگرتووە.

کورتە فیلمی "سنووری شکاو" لە درێژەی بەشدارییە نێودەوڵەتییەکانیدا لە رێکەوتی ١٠ هەتا ١٨ی رەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، لە بەشی کورتە فیلمە دیکۆمێنتییەکانی ١٣مین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی بەیرووت لە وڵاتی لوبنان کە یەکێك لە گرینگترین فیستیڤاڵەکانی وڵاتانی عەرەبییە، نمایش دەکرێت.

ئەم فیلمە هەروەها لە رێکەوتی ١٢ هەتا ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە فیستیڤاڵی فیلمە دیکۆمێنتارییەکانی "ئانتافاگۆستا Antofagasta " لە وڵاتی شیلی نمایش دەکرێت.

## عەدنان کەریم بە گوڵی نازدارەوە دێت

بە پێی هەواڵی جەماوەر نیوز، وابڕیارە بەم نزیکانە هونەرمەندی گەورەی کورد عەدنان کەریم نوێترین ئەلبوومی خۆی بڵاو بکاتەوە.

لەو بارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەند عەدنان کەریم رایگەیاند: ئەلبومە نوێیەکەی عەدنان کەریم بەناوی "گوڵی نازدار"ە و لە ٩ تراك پێکهاتووە و کۆمەڵێك گۆرانی پڕ چێژ و خۆشی تێدایە.

وتیشی: زۆربەی کارەکانی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ کراوە و پێدەچێت رۆژی شەممە ٣ی ئاب لە سەرجەم تۆمارگاکانی هەرێمی کوردستان بڵاوبکرێتەوە.

پێشتر هونەرمەند عەدنان کەریم ئەلبۆمێکی تایبەت بە مەقاماتی کوردی بڵاوکردەوە و کاردانەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە.



بێ دوان...

# قەرەبووی هەڕەشەکانی ئێران لە سووریە

ن: ئۆرۆن دۆریل

و: کەیهان یووسفی

ئێران و رووسیە هەوڵەکانیان خستۆتەگەڕ بۆ پێشگیری لە هێرشی سەربازیی رۆژئاوا بۆ سەر سووریە. رووسیە تەنانەت کەشتیە شەڕەکەرەکانی خۆی بۆ دەریای ناوەڕاست بەڕێ کردووە، شوێنێك کە ناوە ئەمریکییەکان چاوەڕوانی دەرکردنی بڕیاری هێرش کردن بۆ سەر سووریەن.

شرۆڤەکارانی سەربازی دەڵێن کە هاوپەیمانانی سووریە هەوڵەکانیان خستۆتەگەڕ بۆ راگرتنی هێرشی سەربازیی ئامریکا یان کەمکردنەوەی تێچووەکانی دوای ئەنجامی ئەو هێرشە.

کریس هارمر، شرۆڤەکاری ئەنستیتۆی شرۆڤەکارانی شەڕ کە وەکوو فەرماندەیەکی سەربازی لە هێزی دەریایی بۆ پلاندارێژی لە کەنداوی فارسدا کار دەکات، لەو بڕوایەدایە کە: "رووسیە دەتوانێت لە بواری سیاسی و دیپلۆماسییەوە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دابینکردنی پێداویستییەکان یارمەتیی سووریە بکات، بەڵام لە هەنووکەدا خاوەنی ئەو توانا سەربازییە نییە کە لە کۆتاییەکانی شەڕی سارد هەیبوو."

هارمر دەڵێت: "ئەگەرچی ئێران رەنگە بیهەوێت تۆڵە بسێنێتەوە و ئەو کارەش تەنیا لە رێگەی گرووپی تیرۆریستی حیزبوڵڵا لە باشووری لوبنانەوە دەکرێت، حیزبوڵڵای لوبنانێك کە لە نێوان دوو ئەرکی یارمەتیدان بە بەشار ئەسەد بۆ مانەوە لە سەر دەسەڵات و پارێزگاری لە شیعەکانی ناوچەکانی بەیرووت لە بەرانبەر هێرشی ئۆتۆمبیلە بۆمبڕێژکراوەکاندا، ئیدی تواناییەکی نەماوە، من وەها بیر ناکەمەوە کە ئێران بتوانێت خۆی بە چەشنێك کردەوەیەکی تۆڵەسێنانە ئەنجام بدات.

شرۆڤەکارانێکی دیکە و لەوانە فیلیپ ئێسمیت، بە پێی ئەو بەڵگانەی کە لە ماڵپەڕی Jihadology لەبارەی شەڕی میلیشیا شیعەکان لە سووریەدا بڵاو کراوەتەوە، دەڵێت: "ئەگەرچی هێزەکانی بەشار ئەسەد و حیزبوڵڵا رەنگە لە سووریە و لوبنان لاواز بن، بەڵام توانای ئێران بۆ تۆڵەسەندنەوە ناکرێت لە بەرچاو نەگیرێت."

ئێسمیت دەڵێت: "لەساڵی ١٩٨٠ کاتێك ئێران لەگەڵ عێراق سەرقاڵی ئەنجامدانی شەڕێکی قورس بوون، سەدان کەس لە ئەندامانی سپای پاسدارانی بەڕی کرد بۆ باشووری لۆبنان بۆ دامەزراندنی حیزبوڵڵا و بە مەبەستی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل و ئامریکا."

بۆمب دانانی حیزبوڵڵا لە باڵوێزخانەی ئامریکا و سەربازخانەی هێزی دەریایی ئامریکا لە بەیرووت بووە هۆی کوژرانی ٥٨ دیپلۆماتی ئامریکایی و خەڵکی سڤیلی لۆبنان و هەروەها کوژرانی ٢٤١ سەربازی ئامریکایی لە ساڵی ١٩٨٣.

رۆژی پێنج شەممە سەرۆك کۆماری ئێران، حەسەن رووحانی لە بەیاننامەیەکدا کە لە راگەیاندنە حکوومەتییەکانی ئەم وڵاتەدا بڵاو بوونەوە رایگەیاند کە، ئێران و رووسیە لە هاوکارییەکی بەربڵاودان بۆ پێشگیری لە هێرشی سەربازی رۆژئاوا بۆ سەر سووریە. رووحانی هێرشی رۆژئاوا بۆ سەر سووریەی بە پێشێلکردنی ئاشکرای یاسا نێونەتەوەییەکان زانی.

موحەممەد عەلی جەعفەری، فەرماندەی سپای پاسداران لە وتووێژێك لەگەڵ ماڵپەڕی تەسنیم وتبووی کە هێرش بۆ سەر سووریە بە واتای لە ناوچوونی خێرای ئیسرائیلە.

راگەیاندنە ناوخۆیی و حکوومەتییەکانی رووسیە رۆژی پێنج شەممە راپۆرتیان دا کە مووشەکەکانی کرووزی رووسی و کەشتیەکی شەڕکەری گەورەی دژە ژێر زەریایی لە ئۆقیانووسی ئاتلانتیکی باکوورەوە بۆ لای دەریای ناوەڕاست لە پێوەندی لەگەڵ ئەم گرژییانەی ناوچە کەوتوونەتە رێ.

هارمر دەڵێت ئەم کەشتیانە رەنگە پێداویستییەکانی هێزەکانی سووری دابین بکەن و یان ئەوەیکە ئەوپەڕەکەی بۆ جێبەجێکردنی شارۆمەندان و کەلوپەلی رووسی لە بنکەی زەریایی رووسیە لە بەندەری تەرتووس هاتبن.

ئێران و سووریە هەڕەشەیان کردووە کە لە ئەگەری هەر هێرشێکی ئامریکادا، پەرچەکردەوەی تۆڵەسێنەرانەی دژی ئیسراییل و هاوپەیمانکانی ئامریکا لە رۆژهەڵاتی ناڤین دەبێت. ئەم دوو وڵاتە خاوەنی مووشەککگەلێکن کە دەتوانێت ئیسراییل و وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی ئامریکا لە کەنداوی فارس بپێکێ. سپای پاسداران و حیزبوڵڵای لوبنان خاوەنی زایەڵەگەلێکی جیهانین کە توانای ئەوەیان هەیە کە وڵاتانێك کە لە هێرشی سەربازی دژی سووریە پشتیوانی دەکەن تووشی مەترسی و هەڕەشە بکەن.

سووریە بۆ ئێران خاوەنی گرنگییەکی تایبەتە، هەرچۆن ئیسراییل بۆ ئامریکا هاوپەیمانێکی گرنگە. ئێران بۆ بەردەوامیی شەڕی ناوخۆیی لە سووریە دەیان میلیۆن دۆلار یارمەتیی بە رێژیمی ئەسەد داوە و ئەوەش لە حاڵێکدایە کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندووە کە زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس لە شەڕی ناوخۆیی سووریەدا کوژراون.

ئێسمیت دەڵێت کە ئێران ژمارەیەکی زۆر لە میلیشیا و ئەندامانی سپای بۆ شەڕ و راهێنانی هێزە حکوومەتییەکانی سووریە بۆ ئەم وڵاتە بەڕێ کردووە و بەڵگەگەلێك لە بەردەستدایە کە ژمارەیەکی زۆر لە کوژراوان لە سووریە لە ئەندامانی ئەم گرووپانەن.

هارمر دەڵێت کە ئاخرین هێرشی حیزبوڵڵای لوبنان هاویشتنی سەدان راکێت بۆ سەر ئیسراییل لە ساڵی ٢٠٠٦ بوو، بەڵام لە پەرچەکردارێك و هێرشێکی زەوینیدا هێزەکانی ئیسراییل توانیان کە ژێرخانە مووشەکییەکانی حیزبوڵڵا لە ناو ببەن و بەیرووت بکەنە قەسابخانە.

ئاخرین بەرەوڕووبوونەوەی راستەوخۆی ئێران و ئامریکاش دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی ١٩٨٠ لە شەڕی ناسراو بە "شەڕی تانکرەکان" لە کەنداوی فارس، کاتێك ئێران و عێراق خەریکی شەڕ بوون و کەشتیە نەوت هەڵگرەکانیان دەکردە نیشانە. هێزی دەریایی ئامریکا لەو کەشتیانەی کە ئاڵای ئامریکایان هەڵواسی بوو پارێزگاری دەکرد و توانی کەشتییە جۆراوجۆرە نەوتییەکانی ئێران و کەشتییە شەڕکەرەکانی ئەم وڵاتە بە قورسی تووشی خەسار بکات و بێ ئەوەی کەشتییە ئامریکاییەکان خەسارێکیان وەبەر کەوێت.

هارمر دەڵێت کە ئێرانییەکان ئەزموونی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئامریکایان هەیە. دووپاتکردنەوەی ئەو کارە ناتوانێت بە قازانج و بە دڵی ئێران بێت. بەڵام ئێسمیت لەو بڕوایەدایە کە ئێران دەتوانێت لە رێگەی تیرۆریستەکانەوە پەرچەکردار لە خۆی نیشان بدات. ئەم کارە دەتوانێت لە یەك ساڵی داهاتوودا رووبدات و هیچ کەسیش نازانێت تا چەندە درێژە دەکێشێت.

# میسر و وەرچەرخانەکانی ئەو وڵاتە

هیوا میرزایی



بەهاری عەرەبی و شەپۆلی مافخوازیی و دێموکراسیخوازی پاش ئەوەی لە وڵاتی میسر توانی حکوومەتی ٣٢ ساڵەی موبارك بڕووخێنێت یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد پاش دەسەڵاتداریەتی موبارەك لەم وڵاتە بەڕێوە چوو کە لەودا گرووپی ئیخوانولموسلمین بە سەرۆکایەتی موحەممەد مۆرسی لەم هەڵبژاردنانەدا سەرکەوتن و جڵەوی دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، ئیخوانولموسلمین وەك حیزبێکی پارێزکاری ئیسلامی کە بۆ ماوەی چەند دەیە تان و پۆی لە نێو خەڵکی میسردا داکوتابوو توانی بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ئایینی و دانی بەڵێنی ئابووری و کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی و زیادکردنی مووچەی کرێکارەکان لەم هەڵبژاردنانە سەرکەوێ. بەڵام پاش سەرکەوتن و بەدەسەڵاتگەیشتنی بە کردەوە نەیتوانی هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو دروشمانە هەڵگرێ و ترسی بەڕێوەبردنی حوکمە شەرعییەکان و گەڕانەوە بۆ دواوە سەرلەنوێ شەپولی نارەزایەتییەکان و خۆپیشاندانەکان گۆڕەپانی تەحریر، ئەو شوێنەی موبارکی لەسەر کار لابرد و شارەکانی دیکەی وڵاتی میسری گرتەوە و خەڵکی ناڕازی خوازیاری دەست لە کارکێشانەوەی مۆرسی بوون. لە بەردەوامی نارەزایەتییە میلیۆنییەکەی خەڵکی میسر بزووتنەوەی "تمرد" بیچمی گرت و بە کۆکردنەوەی واژۆ بۆ گوشار خستنەسەر مۆرسی بۆ دەست لە کارکێشانەوە لە ٢٨ی ئاوریل دەست بەکار کرد، لە ٢٩ی ژوئەن ژمارەی واژۆکان گەیشتە ٢٢ میلیۆن کە ئەم ژمارەیە زۆرتر بوو لەو دەنگانەی کە ساڵی پێشوو بە موحەممەد مورسی درابوو و هەروەها بزووتنەوەی "تمرد" تەنیا تا دووی جولای ٢٠١٣ موڵەتی بە مۆرسی دابوو بۆ دەست لەکارکێشانەوە و هەڕەشەی نافەرمانیی مەدەنی و نارەزایەتی و خۆپیشاندانی کردبوو. ئەم بزووتنەوەیە لە لایەن چەند گرووپێك وەك "شایفنکم، کفایە، رزگاریی نەتەوەیی و بزووتنەوەی شەشی ئاوریل" و هەروەها چەند کەسایەتیی بەناوبانگ وەك "موحەممەد برادعی، ئەحمەد شەفیق، نەبیل نایم" پشتیوانی لێ دەکرا و وەك دیتمان لە پشتیوانی نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانی خەڵکی میسر ئەرتەشی ئەم وڵاتە لە ١٢ی پووشپەڕی ١٣٩٢ دوای ماوەیەك خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی میسر لە گۆڕەپانی تەحریر و شارەکانی دیکەی میسر حکوومەتی ئیخوانولموسلمینی هەڵوەشاوە راگەیاند و کۆتایی بە دەسەڵاتداریەتی یەك ساڵەی ئیخوانولموسلمین لەم وڵاتەدا هێنا. خۆپیشاندان و نارەزایەتیی خەڵکێك کە پێیان وابوو کە ئامانج و دەسکەوتەکانی راپەرینەکەیان کە بە دژی دەسەڵاتداریەتی ٣٢ ساڵەی موبارەك کردبوویان بە تاڵان براوە و ترسی گەڕانەوە بۆ دواوە و ئەزموونی وڵاتانی دیکەی وەك ئێران بوو بە هەوێنی ئەم نارەزایەتییە میلیۆنییانەی خەڵکی میسر. ئەم کارەی ئەرتەشی میسر دەنگدانەوەی زۆری لێ کەوتەوە و هێندێك کەس وەك کودەتا ناویان لێ برد و هێندێکیش ئەم کارەی ئەرتەشیان وەك ئەرکی نیشتمانی و پشتیوانیی لە خەڵك و دەسکەوتەکانی شۆڕش ناوبرد. یەکیەتیی ئورووپا داوای لە لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی ئەم وڵاتە کرد کە کۆتایی بە قەیرانی میسر بێنن و خۆیان لە کاری توندوتیژی دوور بگرن، وڵاتی ئەمریکا و سەرکۆماری ئەم وڵاتە وتیان بە نیگەرانییەوە دەڕواننە رووداوەکانی میسر و وڵاتە عەرەبیەکانیش وەك عەرەبستان و قەتەر و تەنانەت بەشار ئەسەدی دیکتاتۆری سووریەش پشتیوانییان لەم کارەی ئەرتەشی میسر کرد. ئێران و تورکیە ئەم کارەی ئەرتەشیان وەك کودتایەکی نەرم ناو برد و تۆمەتی پشتیوانیی رۆژئاوا و ئامریکایان دا لە ئەرتەشی ئەم وڵاتە. ئەرتەش دوای لابردنی مۆرسی حکوومەتی کاتیی دامەزراند، "عەدلی مەنسوور"ی وەك سەرکۆماری کاتی دیاری کرد. ئەوەی جێگای ئاماژەیە چارەنووسی ئیخوانولموسلمینە لەم وڵاتە چوونکە لە جیهانی ئیسلامدا ئیخوانولموسلمینە وەك حیزبێکی میانەڕەوی ئیسلامی ناسراوە و هەمیشە دروشمیان ئەوە بووە کە خۆیان لە کاری توندوتیژی دەبوێرن بەڵام دیتمان دوای لە سەرکار لابرانی مۆرسی لە نێو رێبەرانی ئەم گرووپە جیاوازیی بیرکردنەوە هاتووەتە پێش و تەنانەت خودی مۆرسیش پێش لە سەرکار لابرانی دەڵێت کە تا دوایین دلۆپی خوێن پارێزگاری لە دەسەڵاتەکەی دەکا و ئەمەیش هێمایەکی روونە بۆ توندوتیژی و کاری تێکدەرانە بە هۆی لاینگرەکانییەوە. و هەروەك دەبینین کە لایەنگرانی ئیخوانولموسلمینە پاش لە دەسەڵات کەوتنیان هاتنە سەر شەقامەکان و خوازیاری گەڕانەوەی مۆرسی بوون بۆ دەسەڵات و لەم خۆپیشاندانانەدا توندوتیژیشی لێ کەوتەوە و ئەرتەشی ئەم وڵاتە هەڕەشەی لە خۆپیشاندەران کرد کە خۆیان لە کاری توندوتیژی دوور بگرن و بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان، بەڵام ئەوەی جێگای هێماکردنە وەدەنگەوە نەهاتنی خەڵکی لایەنگری ئیخوانە، کە داوای لە خەڵك کردبوو کە لە سەرانسەری میسر بێنە شەقامەکان و خۆپیشاندانی میلیۆنی وەڕێ بخەن کە نە تەنیا خۆپیشاندانی سەرانسەری رووی نەدا بەڵکوو میلیۆنیش نەبوو و تەنیا چەند هەزارکەسێك هاتنەسەر شەقامەکان. خەڵکی میسر وەك پڕحەشیمەترین وڵاتی عەرەبی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە کە پارێزگاری لە دەسکەوتەکانیان بکەن و ئیجازە نەدەن کە مێژووی وڵاتەکەیان وەك ئێران کە دەسکەوتەکانی شۆڕشەکەی لە لایەن ئیسلامییەکانەوە بە تاڵان برا، ئەو چارەنووسەیان بە سەردا بێ و لە سەدەی بیست و یەکەمدا کە سەدەی تیکنۆلۆژی و بەجیهانی بوونە گەڕانەوە بۆ دواوەوە شتێکی خەیاڵییە.

# ڕێژیمی زەبر و زەنگ و گەندەڵی، کۆمەڵگای ڕوو لە هەڵدێر

چەکۆ ئەحمەدی

هەر تاکێك، ڕێکخراوێك، حیزبێك و وڵاتێك بۆ گەشەکردن و بەردەوام بوون لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی بەرەو داهاتووی باشتر و گەیشتن بە ئامانج، پێویستی بە پلان و پرۆژەی پوخت و دیاریکراوە.

بۆ دەستنیشان کردنی ئەم پلان و پرۆژەیە، چەند خاڵی گرینگ پێویستە کە دەبێ لە بەرچاو بگیردرێ: ١ـ ستراتیژی ٢ـ تاکتیك ٣ـ هێزی مرۆیی پسپۆڕ و شارەزا ٤ـ واقێعبین بوون ٥ـ ڕوون بوونی ئامانج ٦ـ لە هەموو گرینگتر، بەشدارکردنی خەڵك و ئاگادارکردنەوە یان لە چۆنیەتیی بەڕێوەبەری و گرفتەکانی سەر ڕێگایان.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەم خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا، ئەگەر بە کورتی ئاوڕێك لە دۆخی هەنووکەیی وڵاتی ئێران بدەینەوە و بارودۆخی چۆنیەتیی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵك هەڵسەنگێنین و هاوکات بەڕێوەبەریی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی زاڵ بە سەر ئێراندا بخەینە ژێر توێژینەوەوە، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە لە کۆی ئەو چەند خاڵە ئاماژەپێکراوە، تەنیا خاڵێك کە پێڕەوی دەکەن، دیاریکردنی ستراتیژییە و ئەویش نەك بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی وڵات، بەڵکوو تەنیا بە قازانجی دەستەبەرکردنی ئامانجە ئایدۆلۆژییە ئاینییەکانی ڕێژیم و مانەوەیان لە دەسەڵاتیکدا کە بەپێی هەموو پێوەرە سیاسی و مرۆییەکان ڕەوایی نییە. ئەو چوارچێوە جوگرافیاییەی کە هەنووکە بە وڵاتی ئێران دەناسرێت، فرە نەتەوە، فرە کولتور و فرە زمانە کە ئەمانە دەکرا وەك خاڵێکی گرینگ بۆ پێناسەکردنی وڵاتێك بەکار بهێنرێت و لە هەموو ئەو پۆتانسیەلانەی لەم نەتەوە و کولتور و زمانانەدا هەن بە مەبەستی پێشخستنی وڵات و خزمت بە کۆمەڵگای مرۆیی کەڵکی بەجێ وەربگیردرێت. بەڵام نەتەنیا ئێمەی کورد، بەڵکوو هەموو ئەو کەسانەی ئاگاداری ڕووداوەکانی ئێرانن زۆر بە ڕوونی دەزانن کە ڕێژیم نەتەنیا بۆ گەشەکردنی وڵات کەڵکی لەم پۆتانسیەلانە وەر نەگرتووە، بەڵکوو هەر لە سەرەتای دەسەڵاتدارییانەوە دژی هەموو کولتورەکانی نەتەوەکانی ئێران هەنگاویان ناوە و هەموو ئەو وزەگەلەی کە دەبا بۆ خزمەتکردن بە کار بێنێت، ڕاستەوخۆ بۆ دژایەتی و نەزۆك کردنیان خستوویەتەگەڕ.

کاتێك سیستمی دەسەڵاتدارێتیی وڵاتێك بەربەست لە سەر ڕێگای هەنگاونان بەروپێش دادەنێت، ئەو ڕەوتە نەك لە سەر جێگای خۆی چەق دەبەستێ، بەڵکوو زۆرجاریش بەلاڕێدا دەچێت و تووشی دیاردەگەلێگ دەبێ کە لە ڕاستیدا ڕووخێنەری کولتوور و کۆمەڵگایە.

هەڵسوکەوتی نابەجێی سیستمی حکوومەتی ئێران لە هەمبەر سیاسەتی دەرەکی و نێوخۆیی، ژیانی دانیشتوانی ئەم وڵاتە و تەنانەت ناوچەکەشی بە ئاقارێکدا بردووە کە دەکرێ وەك قەیرانێکی مرۆیی و سیاسی و ئابووری ناودێر بکرێت. لە نێوخۆی وڵاتدا ژیانی تاکەکان و بەتایبەت ئەو کەسانەی بە توێژی نێونجی و خوارەوە کۆمەڵگا دێنە ئەژمار لەگەڵ کێشە و گرفتی زۆر قووڵ بەرەوڕوو بووە. بەدەستهێنانی بژێوی ژیان بۆتە خەمی سەرەکیی تاکەکان و بۆ دابینکردنیان دەبێ هەموو وزەی خۆیان بە کار بێنن یان ڕوو دەکەنە دیاردە گەلێك کە تووخمەکانی ئاکاری مرۆیی تێدا بەدی ناکرێت و ئەمە بۆ خۆی دەبێتە هۆی ئاڵۆزیی ژیانی گشتی و لەسەر هەموو لایەنەکانی بەڕێوەچوونی وڵات کاریگەریی نەرێنی دادەنێت.

کاتێك دەردەکەوێت لە ئاستێکی زۆر بەرزی دەسەڵاتدا گەندەڵییەکی مەزن ڕوو دەدات (دزینی سێ هەزار میلیار تمەن و...)، چەندین دیاردە لە نێو کۆمەڵگادا ڕوو دەدات کە بە کورتی دەتوانین ئاماژە بەم چەند نموونە بکەین: ١ـ نەمانی هەست بە بەرپرسایییەتی بەرامبەر بە وڵات (کاتێك شتێکی لەم چەشنە لە لایەن بە ناو نوێنەرانی خەڵك و کاربەدەستانی باڵاوە ڕوودەدات، تاکەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاش بۆ دەرباز بوون لە ئاستەنگەکانی ژیان، بەبێ ئەوەی هەست بە دڵسۆزی بکەن و بۆیان گرینگ بێت کە وڵات بە چ ئاقارێکدا دەڕوات، دەست دەدەنە هەموو جۆرە کردەوەیەکی نارەوا و ناشیرین بۆ بەرزبوونەوە و دەربازبوون لە پلەی کۆمەڵایەتیی نزم بەرەو پلەی بەرزی کۆمەڵگا)، ٢ـ لە دەستچوونی متمانە کردن بە نوێنەر و بەرپرس و بەڕێوەبەرانی حکوومەتی (بەپێی هەموو لێکدانەوەکان و لە هەموو ئاستێکی مەزن و بچووکدا، ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان دەکەوێتە ئەستۆی نوێنەرانی تاکەکان، چوونکە ناکرێت و لۆژیکی نییە کە هەموو تاکێك سەرقاڵ بێت بە ئەرکی حکوومەتدارییەوە. کەواتە، بۆ ئەم مەبەستە نوێنەر هەڵدبژێردرێت. بەڵام لە ئێران، بەپێی ئەو نادڵسۆزی و گەندەڵییانەی لە بەرپرسان و بەناو نوێنەرانەوە بە ڕوونی دەرکەوتوو، دانیشتوانی وڵاتی ئێران نەتەنیا متمانەیان بەرامبەر بەوان لە دەست داوە، بەڵکوو هەموو کاتێك بە گومانەوە دەڕواننە کردەوەکانیان و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێوەندیی بەرامبەری ئەم دوو توێژەی کۆمەڵگا تا ئاستی پچڕان بڕواتە پێش و بۆتە هۆی لێك تێنەگەیشتن و لە ئاکامدا دژایەتیەکی کردەیی دوولایەنە.)، ٣ـ کاریگەریکی نەرێنی لە سەر ئابووریی وڵات (لە ئاوا حاڵەتێکدا و لە کاتی دەرکەوتنی گەندەڵیی دەسەڵاتداراندا، خاڵی ٢ کە ئاماژەی پێکرا لەم حاڵەتدا زۆرتر ڕەنگدانەوەی دەبێت. سەرمایەدانەرانی وڵات ئاستی متمانەیان دەگاتە خوارترین ئاست و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە هەوڵی بردنە دەرەوەی سەرمایە لەو وڵاتەدا بن. کاتێك سەرمایەدانەرانی دەرەکیش ئەم کردەیەی ئەوان دەبینن، بە تەواوی دەکشێنەوە لە ڕۆیشتن بەرەو ئێرانێك کە لە هەموو بوارێکەوە قەیران لێدراوە. هەر بەم هۆیش و چەنها هۆی دیکەی پێوەندیدار، ئاوسانی ئابووری ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرزتر دەبێتەوە و هەژارەکان هەژارتر دەبن و بە دەستهێنانی بژێوی ژیان پتر ئاستەم دەبێتەوە).

ئەوی باس کرا، تەنیا سەردێڕی ئەو هەموو دیاردەگەلەلەن کە لە تەنیا کردەوەیەکی نابەجێ و دزێوی بەرپرسانی ڕێژیمەوە سەر هەڵدەدەن. بۆیە لە کۆتاییدا و کورت و پوخت دەبێ بڵێین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە کردەوە و سیاسەتی نابەجێ، بۆتە هۆی تێکچوونی ژیانی ئاسایی و مرۆیی تاکەکانی وڵات و ئەمەش تا دێت دیاردەی دزێوی زۆرتر بە دوای خۆیدا دێنێت. ژیان ئاستەمتر دەبێتەوە، مەودای نێوان ڕێژیم و خەڵك زۆرتر و لە ئاکامدا، دانیشتوانی وڵاتەکەمان بڕیاری کۆتایی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و ڕووخانی دیکتاتۆری دەدەن و ئاسۆیەکی ڕوون و گەشاوە دەبێتە ئامانجی سەرکیی تاکەکانی دانیشتوی وڵاتەکەمان.

# ئێستاش "مرۆڤ خولیایەکی هەیە"

سەلام ئیسماعیل پوور

لە بیست و هەشتەمین ڕۆژی مانگی ئووتی ئەمساڵدا، ٥٠ ساڵ بە سەر خۆپیشاندانی مێژوویی ٢٥٠ هەزار کەسیی بەردەم بینای مەڕمەڕیی ئابراهام لینکۆڵن لە واشینگتۆن تێپەڕی. ناوبانگی ئەو خۆپیشاندانە زیاتر بە هۆی گوتاربێژیی ڕەوان و ئاگراویی مارتین لووترکینگ، ڕێبەری بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا لەو ڕۆژەدا بوو کە وەکوو گوتاری "من خولیایەکم هەیە" لە مێژوودا ناسراوە.

لووترکینگ وەکوو قارەمانێکی خەبات دژ بە ڕەگەزپەرستی و هەڵاواردنی ڕەگەزی، خەبات و چالاکییەکانی خۆی لەو بوارەدا لە تێکۆشان بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە جیاکردنەوەی ڕەگەزی لە ئۆتۆبووسەکانی شاری "مۆنتگۆمێری" لە هەرێمی ئالاباما دەست پێکرد و بە خەبات بۆ بە دیهێنانی یەکسانیی ڕەگەزی، درێژەی بە ڕەوتی چالاکییەکانی دا هەتا کاتێك کە لە شاری "مێمفیس"ی هەرێمی تێنێسی تیرۆر کرا و کۆتایی بە ژیانی هات.

هەوڵەکانی ئەو لە ئاکامدا بوو بە هۆی گۆڕینی یاساکانی پارێزەری هەڵاواردنی ڕەگەزی لە هەرێمەکانی ئەمریکا و یاسا گشتییەکانی حکوومەتی فێدراڵی ئەو وڵاتە.

لە بەشێك لەو لێدوانە مێژووییەدا لووترکینگ وتی: "تا ئەو کاتەی کە ڕەشپێستەکان مافی هاوڵاتیبوون بە دەست نەهێنن، ئەمریکا ئارام ناگرێ و ئۆقرەیی بە خۆیەوە نابینێ. تا ئەو کاتەی کە ڕۆژی ڕووناکی دادپەروەری لە کەل دەر دێت، زریانی سەربزێوی هەروا درێژە بە هەژاندنی بنچینەکانی ئەم وڵاتە دەدات... بەڵام لە ڕەوتی گەیشتن بە پێگەی شیاوی خۆماندا نابێ بە خواردنەوە لە جامی تاڵی بێزاری و تووڕەیی، تینوێتیی ئازادیمان بشکێنین... ئەم هێزی خەباتگێڕییە سەرسووڕهێنەرەی کە ڕەشپێستەکانی گرتۆتەوە، نابێ ببێتە هۆی بێ متمانەیی بەرانبەر بە هەموو برا سپییەکانمان. چوونکە بوونی بەشێك لەوان لێرەدا دەری دەخات کە ئەوانیش تێگەیشتوون لەوەی کە چارەنووسیان بە چارەنووسی ئێمەوە گرێ دراوە. تێگەیشتوون کە ئازادیی ئەوانیش بە شێوەیەکی دانەبڕاو، بە ئازادیی ئێمەوە بەندە. ناتوانین بە تاقی تەنیا ئەم ڕێگایە ببڕین".

لووترکینگ لەو لێدوانە ئاگراوییەدا کە ویژدانی مێژووی هەژاند، قامکی خستەسەر خاڵێکی زۆر گرینگ کە ئەوەش پێویستیی خەباتی هاوبەشی مرۆڤەکان، بە بێ لە بەرچاوگرتنی ڕەنگ و ڕەگەز و ئایین و نەتەوە و باوەڕەکانیان بۆ گەیشتن بە دادپەروەریی شیاوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بوو.



ئەو بە دروستی باس لەوە دەکات کە ئەگەر ڕەگەز یان نەتەوەی بندەست لە ئازادی و کەرامەت بێبەش کرابێت، ئازادی و کەرامەت و ژیانی مرۆیی تەنانەت بۆ ڕەگەز یان نەتەوەی سەردەستیش دەستەبەر نابێت، واتە ئازادی یان بۆ هەمووانە، یان بۆ هیچ کەس. بەم پێیە کاتێك کە چەوسانەوەی ڕەگەز یان نەتەوەیەك لە ئارادایە، بەو واتایەیە کە سیستمێك بۆ پاراستنی ئەو چەوسانەوەیە بە سەر مرۆڤایەتیدا زاڵە و لەوەها دۆخێکدا کەس ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە ئازادی و کەرامەتی ئەو پارێزراوە.

لووترکینگ یەکێك لەو پێغەمبەرانەی مێژووی هاوچەرخە کە پەیامی ئاشتی و یەکسانی و ئازادیی بۆ مرۆڤی ژێر چەپۆکی شەڕ و کۆیلایەتی و کۆلۆنیالیزم و شەڕی سارد پێ بوو. ٥٠ ساڵ پاش گوتاری خولیا مەزنەکانی ئەو، مرۆڤایەتی هێشتا تینووی وانە و پەیامەکانی کەسانی وەك ئەو، گاندی، ماندێلا، قاسملوو، واسلاو هاوێل، دووبچێك، لۆمۆمبا و پەیامهێنەرانی دیکەی ڕێگای ڕزگاریی مرۆڤ لە سەرەڕۆیی و ڕەگەزپەرستییە، بۆیە سەرەڕای وەدیهاتنی بەشێك لە ئاواتەکانی لووترکینگ لە ئەمریکادا، هێشتا گۆی زەوی پڕە لەو مرۆڤانەی کە وەك ئەو پڕ بە گەروویان هاوار دەکەن: "من خولیایەکم هەیە".

## جووت حەوت

هەوراز

موحەممەد نەهاوەندیان، بەرپرسی نووسینگەی حەسەن ڕووحانی پێشنیاری کردووە، خەڵکی ئێران کاڵای دەرەکی نەکڕن تا بەرهەمە نێوخۆییەکان گەشە بکەن.

ئێمە پێمان وایە خەڵك دەبێ بەرهەمە دەرەکییەکان تەحریم بکەن، بۆ نموونە ئاخوندی جەبەل عاملی، مۆری کەربەلا، ئیمامی هیندی، شیری مار تا شاخی چۆلەکەی چینی، ئۆپۆزیسیونی دەستکردی بی بی سی، ئیمامزادە بە گشتی بە هەموو کەرەستەو پێداویستییەکانییەوە، مەلای ئاکسفۆردی، مەرجەع تەقلیدی ئێراقی، عیسا مسیحی ڕووسی و لە داهاتووی نزیکدا سەرکۆماری هەڵاتووی سووری و ...

- موزەفەری شەریفی، بەڕێوەبەری گشتیی سیاسەتدانان و پلاندانانی کاروباری توێژینەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕایگەیاند: "بڵاوکردنەوەی بابەتە زانستییەکانی ئێرانییەکان لە بڵاڤۆکە زانستییەکانی ئیسراییلدا قەدەغە کراوە" ئەو هەروەها ڕایگەیاند: "ئێمە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا لیستێکمان لە بلاڤۆکە نێودەوڵەتییەوە باوەڕپێنەکراوەکان" دەستنیشان کردووە کە هێندێك بڵاڤۆکی ئیسراییلی تێدایە". بەڕێزیان ئەم هەنگاوە بە دیاری و یارمەتییەك بۆ فەلەستینییەکان لە قەڵەم دەدات.

لەوەدا هیچ گومانێك نییە کە بۆ ئەمانە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوو، لە ڕووی زانستییەوە باوەڕپێکراو نییە! ئەوە حوکمی حکوومەتییە، تەواو بوو، بڕایەوە. بەڵام ئەگەر ئێوە لە پێوەندیی نێوان عەلامەی مەجلیسی و کۆمپانیای ئێکسۆن موبێل تێگەیشتن، منیش لە پێوەندیی نێوان ئەو قسانە تێدەگەم.

- جەواد شەمەقدەری، جێگری کاروباری سینەمایی وەزارەتی ئیرشاد دەڵێ، ئەو لە ماوەی بەرپرسایەتیی خۆیدا فستیواڵی فیلمی فەجری گەیاندۆتە ئاستی فستیواڵەکانی "کەن" و "بێرلین" و بۆ نموونە سینەمای ئێران بۆتە خاوەن خەڵاتی "ئۆسکار".

شایانی باسە لە ماوەی باسکراودا خانووی سینەما هەڵوەشایەوە و ئەو فیلمانەی کە جەنابی شەمەقدەری پشتیوانیی لێ کردن، تەنانەت خەڵاتی مەسینەی زێڕینیشیان بەدەست نەهێنا، مەسعوود دێهنەمەکی بە خۆی و گۆپاڵەکەی دەستیەوە بوو بە سینەماکار و بەهمەنی قوبادییەکان وازیان لە بەرهەمهێنان و کار لە ئێرانیا هێنا. جەعفەر پەناهی کەوتە زیندان و پاسدار ئەبوولقاسم تاڵبی بە فیلمی "قەلادە زێڕینەکان" حەیای فیلم و هونەری برد. بۆ ئۆسکاریش درۆ ناکات، تا ڕادەیەك لە ڕقی سیاسەتەکانی ئەو بوو کە خەڵاتەکەی درا بە ئەسغەر فەرهادی.

# دۆڕان یان چاوەڕوانیی گۆڕان؟

هەوراز

زیاتر لە سێ مانگ بە سەر ئەو ڕۆژانەدا تێ دەپەڕێت کە ئەکتەرەکانی سیناریۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران هەوڵەکانیان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵك و هێنانیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان دەست پێ کرد، هەوڵێکی دوولایەنە کە لە لایەکەوە دەبوا بە ڕواڵەت هێندێك دروشمی بریقەدار بەڵام سواو لە بەرامبەر خەڵکدا بدەن و لە لایەکی دیکەوە بە نیشاندانی بەندایەتی و گوێڕایەڵی بەرانبەر بە وەلی فەقیە و دامودەزگاکانی مافیای دەسەڵات، ئامانجێکی دیکە بپێکن کە ئەوەش جێگرتن لە بازنەی پەسندی خامنەییدا بوو، واتە دەیانهەویست لە لایەکەوە لە ناڵی ویلایەتی فەقیە و لە لای دیکەوە لە بزماری خەڵکویستی و مافتەوەری بدەن.

هەر لە سەرەتاکانی ئەم شانۆگەرییەوە دیار بوو کە حەسەن ڕووحانی ئەزموون و شارەزاییەکی زیاتری لە ڕاکێشانی سەرنجی هەر دوو لایەن و زاڵبوون بە سەر ئەو دووفاقییەدا هەیە. ئەزموونی ڕووحانی لە سڕکردنی هەوڵەکانی ڕۆژئاوا دژ بە بەرنامەی ناوکیی ڕێژیم و پێشینەی ئەو لە بەڕێوەبردنی بەرزترین ئۆرگانە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم وەك ئەنجومەنی باڵای تەناهیی نەتەوەیی بۆ ماوەی ١٥ساڵ و هەروەها پێویستیی ئێستای ڕێژیم لە ئاستی نێونەتەوەییدا لەو فاکتەرە دیاریکەرە گرینگانە بوون کە ناوبراویان کردە مۆرەی دڵخوازی ڕێبەری ڕێژیم و شانۆی مونازرەکانیش نیشانی دا کە ڕێبەر لە پشتگیریی مۆرە نزیکەکانی خۆی لە بەیتی ڕێبەری، وەکوو ویلایەتی و حەداد عادڵیش بە قازانجی ڕووحانی پاشگەز بۆتەوە.

ئەوەی کە لێرەدا زیاتر جێگەی سەرنج و تێڕامانە، باسکردن لە ڕەهەندی بە ڕواڵەت دێموکراتیکی مەسەلەکەیە. ئەوەی کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا بۆ ڕێژیم و بۆ شەخسی خامنەیی زۆر گرینگ بوو، ساڕێژکردنی زامی ناسۆری قەیرانی ڕەوایی بوو کە بە تایبەت پاش ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٨٨ زەقتر لە جاران دەرکەوت.

لەم پێوەندییەدا پێویست بوو هەم خەڵك بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە هان بدرێن، یان هەڕەشەیان لێ بکرێت، یان تەماعیان وەبەر بنرێت کە لەو شانۆگەرییەدا بەشدار بن و هەم ئەم بەشداربوونەیان جووڵە یان ڕەوتێکی ناڕەزایی یان خۆدەرخستنی لێ نەکەوێتەوە کە ئەزموونی ٨٨ دووبارە بێتەوە. ڕێبەری ڕێژیم لەو پێوەندییەدا سەرەتا بە باسکردن لە "حەماسەی سیاسی" و دواتر تەنانەت بە پاڕانەوە لەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن کە پشتیوانی لە ڕێژیم ناکەن، قامکی خستە سەر ئەو تایبەتمەندییانەی کە سەرکۆماری دڵخوازی ئەو دەبێ هەیبێ. ڕووحانی دەری خست کە ئەو لە ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی نێوخۆ و دەرەوەدا بە بەرنامەترە و پلانەکانی بۆ فریودانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك لە نێوخۆ و کۆمەڵگای جیهانی لە دەرەوەدا تۆکمەتر و سەرکەوتووترن.

خامنەیی پێشنیاری بە سەرکۆماری داهاتوو کردبوو کە خاڵە ئەرێنییەکانی سەرکۆمارەکانی پێشوو وەربگرێت و لە خاڵە لاوازەکانیان خۆی دووربگرێت. خاڵی لاوازی ئەحمدی نژاد (و لە ڕاستیدا ڕێژیم بە گشتی) لە نێوخۆدا پێشێلکردنی مافەکانی ژنان، نەتەوەکان، کەمینە ئایینییەکان، چالاکانی مەدەنی، ڕۆژنامەنووسان، زانکۆکان و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و قەیرانی ئابووری بوو. هەر بۆیە ڕووحانی بە هەڵگرتنی کلیلێکی سیمبۆلیك بۆ کردنەوەی درگا داخراوەکان لەم بوارانەدا، وادەی چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی لە دەوڵەتی داهاتوودا بە خەڵکدا.

سروشتییە کە ماوەی کەمتر لە چل ڕۆژ بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە ناتوانێ ماوەیەکی گونجاو بێت و چاوەڕوانیی ئەوەش کە کۆماری ئیسلامی بە گشتی بەرنامەیەکی بۆ چارەسەری ئەو کێشانە هەبێت، دوور لە ڕاستییە، بەڵام مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە کە بەشێکی هەرە زۆر لە بەڵێنی و وادەکانی ڕووحانی لە کورتخایەندا دەبوایە جێبەجێ کرابان، کەچی ئێستا وەکوو بەڵێنیی بەسەرچوو یان ئێکسپایر ماونەتەوە. بۆ نموونە لە بەیاننامەی ٢٠مادەیی ڕووحانیدا بۆ پرسی نەتەوەکان (یان ئەقوام!) ئاماژە بە بەشدار کردنی کەمینە ئایینی و ئیتنیکییەکان لە ئاستی سەرەوەی دەسەڵاتدا کرابوو کە دەبوا هەروەکوو بەڵێن درابوو، کەسێکی هاوشێوەی محەممەدڕەزا ڕەحیمی بە ناوی نوێنەری خەڵکی کوردەوە لە پۆستی جێگری سەرکۆماردا دیاری بکرێت، یان بۆ نموونە کوردێك پۆستی وەزارەتی بەرگری، یان فەرهەنگ، یان لانیکەم وەرزش بێنێتە دەست، یان ژنان نیوەی وەزیران پێك بێنن، یان بەهاییەك ببێتە وەزیر یان... واتە بەشیکی زۆر لەو بابەتە پێوەندیی بە سەرەتای دەست بەکار بوون و سوێند خواردنی یاسایی سەرکۆمار و ناساندنی وەزیرەکان بە مەجلیسەوە هەبوو. لەم ڕاستایەدا نەك هەر کورد و بلووچ و عەرەب و... هیچ پشکێکیان بەر نەکەوت، بەڵکوو زۆربەی وەزیرانی ڕووحانی و پێکهاتەی دەوڵەتەکەی بە "ئەمنییەتی" و پاسدار دەرچوون. لەم پێوەندییەدا تەنانەت ئیسلاحخوازانی پشتیوانی ڕووحانی و ژنان و ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنیش کە بۆ سەرکەوتنی ڕووحانی خۆشیحاڵیێیان دەربڕیبوو، پەراوێز خران و بەڵێنی و وادەی بەشدارکردنیان لە دەسەڵاتدا لە بیرچووەوە.

هێندێك کەس و لایەن لە کوردستان ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هێشتا چاوەڕوانی هەنگاوی بە کردەوەی ڕووحانی بۆ وەڵامدانەوەی متمانەی ئەو بەشە لە خەڵکن کە دەنگیان بە بەڵێنی و دروشمەکانی ڕووحانی دابوو.

لێرەدا نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە ئەگەر بڕیار بێ ڕووحانی بە پێی دروشمەکانی بجووڵێتەوە و بۆ نموونە زمانی کوردی لە قوتابخانە دەوڵەتییەکاندا بخوێندرێت، دەبێ سەرەتا چاوێك لە تیمی هاوکاری ڕووحانی و بەتایبەتی بەرپرسانی بیاڤی فەرهەنگ لە کابینەکەیدا بکەین، نموونەی بەرچاویان دانانی عەلی جەننەتی، کوڕی ئایەتوڵڵا جەننەتی بە ناوبانگ، لە پۆستی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیدایە. جەننەتی بە ڕاشکاوی باسی لە پێویستیی زاڵبوونی هەرچی زیاتری زمانی فارسی و پشتگیری لە هەموو فارسەکان لە هەموو دنیادا کرد، یان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوەکاندا خودی ڕووحانی دەڵێت: "ئێمە وڵاتێکی فرەنەتەوە نین، بەڵکوو خاوەنی کۆمەڵێك وردە فەرهەنگین کە هەموویان پێکەوە باخێکی گوڵ لە ژێر ناوی ئێران پێك دێنن".

ڕووحانی هەروەها بەڵێنیی دابوو کە ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵگا لە هەموو ئاستەکاندا شانبەشانی پیاوان بەشدار بن، بەڵام تەنانەت یەك وەزیری ژنیش لە کابینەی ڕووحانیدا وەبەرچاو ناکەوێت. سەیر ئەوەیە کە لایەنەکانی پشتبەستوو بە دروشمەکانی ڕووحانی ئیستاش دەڵێن: "ڕووحانی! ئێمە چاوەڕوانین". ڕوون نیە کە پاش ئەو هەموو خەڵك فریودان و شۆڕشگێڕ بە گەمژە زانینە، شتێك ماوەتەوە کە ڕووحانی بیکات؟ واتە پاش دیاریکردنی هەموو وەزیرەکان، ئایا لەگەڵ ئاوەزی مرۆڤ دێتەوە کە چاوەڕێی وەزیرێکی کورد لە کابینەی ڕووحانی بکات؟ یان عەقڵییەتی زاڵ بەسەر ڕێبەر و سەرکۆمار و مەجلیس و هەموو دەزگاکانی دەسەڵاتدا ڕێگە دەدات کەسێك ببێتە وەزیری پەروەردە کە بەرنامەی بۆ خوێندنی زمانی زگماکی نەتەوەکان لە هەنبانەدا بێت؟

بەشێکی زۆر لەو خەڵکەی کە دەنگی بە ڕووحانی داوە، دانی بە دۆڕان و فریوخواردنی خۆیدا ناوە، بەڵام بەشێك لەوانە سەرەڕای ئەوەش کە هەست بە دۆڕان دەکەن، هێشتا ساویلکانە چاوەڕێی گۆڕانن و وادیارە بۆ بە ئاگاهێنانەوەیان تەنانەت زللەی مێژووش کاریگەر نییە.




# کوردی ڕۆژئاوا لە نێوان ئاوارەیی و خۆڕاگریدا

عارف وەلزی

لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕش لە سووریە، کوردستانی ڕۆژئاوا کەوتە دەست هێزە کوردییەکان و بەو هۆیەوە ئەم بەشە لە خاکی نیشتمان تا ڕادەیەك لە شەڕ وماڵوێرانی پارێزرا، بەڵام نەبوونی یەکدەنگی و یەك هەڵوێستی لە نێوان هێز و لایەنە کوردییەکان، سەرەڕای ئەوەی کە لە سەرەتادا زۆر هەلی زێڕینی وەك بەشدار بوون لە ئەنجومەنی نیشتمانی و سەپاندنی کورد وەك بەشێك لە پێکهاتەی سووریە و تەنانەت بەشداری لە داهاتوو و چارەنووسی وڵاتی لەدەست دا، بووە هۆی ئەوە کە لەم کۆتاییانەدا هەندێك لایەنی ئیسلامیی بناژۆخواز و جیهادیی سەر بە ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە لە کوردستانی ڕۆژئاوا سەر هەڵدەن و فتوای شەڕ و جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد ڕاگەیێنن، ئەوە بوو کە دیتمان لە چەند ناوچەیەکی کوردستانی لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی خاکی سووریە دەستیان دایە گرتن و کوشتنی خەڵکی سڤیل.

دوابەدوای گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان کورد و ئیسلامییە بناژۆخوازەکان، ئاسایش و ئارامی لە کوردستانی ڕۆژئاوا بەرەو لاوازی چوو و ترس لە ئیسلامی سیاسی دەستی بە سەر ناوچەکەدا کێشا و ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە کوردەکانی ئەم بەشەی کوردستان شار و گوندەکانی خۆیان چۆل بکەن و لە چوارچێوەی کۆڕەوێکدا ڕوو لە خاکی هەرێمی کوردستان بکەن.

ئەم کۆچە جگە لەوەی کە ئاوارەبوونی ڕێژەیەکی زۆری هاوڵاتیانی عەرەبی سووری بۆ وڵاتانی دراوسێی بەدوای خۆیدا هێنا، بەپێی ئامارەکان نزیك بە ٢٠٠ هەزار کوردی ڕۆژئاوای کوردستانیشی بەرەو هەرێمی کوردستان ڕاکێشاوە و هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە شار و گوندەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، کە لە ڕاستیدا دەبووایە ئێستا مەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لەم بەشە لە خاکی کوردستان بوایە، بەرەو چۆلی بڕۆن. بێگومان ئەمەش هەمان هەلە کە دەسەڵاتی بەعس لە سووریە ساڵانێکە کاری بۆ دەکا و خەونی پێوە دەبینێ تاکوو بتوانی بە تەعریب کردن، شار و گوندە چۆڵکراوەکانی کوردستان سەرلەنوێ بە نەتەوەی عەرەب ئاوەدان بکاتەوە و بەم شێوەیە دێموگرافیای کوردستانی ڕۆژئاوا بگۆڕێ.

بێگومان کارێکی وەها خەسارێکی گەورەیە بۆ سەر داهاتووی کورد لەم وڵاتەدا و لە داهاتوودا گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی خۆیان بە کارێکی ئەستەم دێتە ئەژمار، بۆیە باشتر وایە کە بە لانیکەمەوە گەنجان و پیاوانی کورد زێد و ماڵی خۆیان چۆل نەکەن و بە مانەوەی خۆیان بەرگری لە مان و مەوجودییەتی کورد لەم بەشە لە خاکی کوردستان بکەن.



# کارەساتی گوندی قارنێ

موعتەسەم نوورانی



دوای دارمانی ڕێژیمی شا و هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، کوردەکان چاوەڕوان بوون کە ماف و ئازادییەکانیان دابین بکرێ، بەڵام ڕێژیمی نوێ نەك وەڵامی ویست و داخوازییەکانی نەدانەوە، بەڵکوو زەبروزەنگی جنایەتەکانی ئەو ڕێژیمە دەتگوت ڕۆژ و مانگ و ساڵن کە بە دوای یەکدا ڕێچکەیان بەستووە. یەکەم بەهاری خوێناوی و کوشتاری سنە، شەڕی نەغەدە، هێرش بۆ کوردستان و فتوای جیهادی ئایەتووڵڵا خومەینی دژی گەلی کورد، لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ و ئیعدامی خەڵکی سڤیلی شارەکانی پاوە، سنە، مەریوان، سەقز و بانە بە دەستی خاڵخاڵیی جنایەتکار و کوشتاری بەکۆمەڵی گوندەکانی قارنێ، قەڵاتان، ئیندرقاش، کانی سەیدە، سەوزی و سەرچنار، سەروکانی، دیلانچەرخ و کەرێزەی شکاکان و ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی و ...، دەیان و سەدان کارەساتی دیکە وەبیرهێنەرەوەی ژینوسایدی، ڕەگەزیی ئەو ڕێژیمەن بەرامبەر خەڵکی بێتاوانی کوردستان.

دوای فتوای جیهادی خومەینی دژی کورد، جارێکی دیکە دێوەزمەی ڕەشی دیکتاتۆری باڵی بە سەر وڵاتدا کێشا و کوردستان کەوتە هەلومەرجێکی تایبەت و لە ئاگری شەڕێکی نەخوازراو و داسەپاو لە لایەن ڕێژیمی ئاخوندیدا دەسووتا. گوند و شارەکان بە تاوانی داوای مافی نەتەوایەتی و ئازادیخوازیی کەوتبوونە بەر لافاوی ئاگر و ئاسن و لە هەموو لایەکەوە بە هەزاران چەك بە دەستی بەکرێگیراوەکان هێرشیان بۆ هێنابوو. وردە وردە، میلیتاریزە دەکرا و لەسەر بەرزییەکانی بە سەدان تۆپ و تانك دەبیندرا و هەلیکۆپتەر و فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیم بۆ چاوترسێنی خەڵکی کوردستان بە بەردەوامی بە ئاسمانی کوردەواریدا دەخولانەوە و پاسدار و کومیتەچی مەکتەبیی حیزبوڵڵایی (ژـ٣) لە شان و قەممە و بیور بەدەستی تینووی خوێن لەو شار بۆ ئەو شار لەو گوند بۆ ئەو گوند بۆ کوشتنی کورد و تاڵانی ماڵی خەڵك ڕژانە کوردستان. لە لایەکی دیکەش خەباتی لێبڕاوانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و بەربەرەکانێی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەش، هێزی هێرشکەری بەجۆرێك قین بوغزاوی کردبوو کە دەستیان لە هیچ پیلان و جنایەتێك نەدەگێڕاوە. ڕوحمیان بە هیچ بوونەوەرێکی کوردستان نەدەکرد.

جنایەتی ڕۆژی ١١ی خەرمانانی ٥٨ لە گوندی قارنێ نموونەیەکی هەرە بەرچاوی سیاسەتی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە خەڵکی کوردستان بوو. گوندی قارنێ لە ٧ کیلومەتری شاری نەغەدە و لەسەر ڕێگای پیرانشار نەغەدە هەڵکەوتووە. کە لە ناکاو لە هەموو تەپۆلکە و بەرزاییەکانی دەوروبەرەوە ئاوایی درایە بەر دەستڕێژ و بارانی گوللە، خەڵك کەوتنە دڵەخورپە و نیگەرانی لە کار و موچە و مەزرا بەرەو نێوماڵ و خێزان ڕایان کرد. زۆری نەکێشا ژمارەیەك تانك و ماشین لە ئاوایی نزیك بوونەوە و بیور و قەممە بەدەست و ژـ٣ لە شان و کومیتەچییەکانیان لێ دابەزین. پاسدار و چەکدارەکانی حەسەنی و زەهیرنژاد و مەعبوودی و قەتاری لە ڕەنگیان دیار بوو قین و نەفرەتیان لێ دەباری و تینووی خوێن بوون. مامۆستا مەلا مەحموود، مەلای ئاوایی کە مەلایەکی نیشتمانپەروەر و عالم و زانا بوو، دەستبەجێ لە نیازی گڵاویان تێگەیبوو، بە هەڵە داوان قورعانەکەی سەر تاقەی دەست دایە و بە پیرانەوە چوو و لە بەریان پاڕابۆوە کە بۆ خاتری ئەو قورعانە دەست بپارێزن و ئەو خەڵکە بێ تاوانە مەکوژن، بەڵام لە لای وان ڕێزگرتن لە مەلای ئاوایی و لە قورعان ڕێژنە گوللەیەك لە سینگی مەلا بوو و بەوەش ڕازی نەبوون بە بیور سەری مەلایان لێ کردەوە بۆ ئەربابەکانیان بردەوە. پاشان کەوتنە قەڵاچۆ و قەتڵ و کوشتاری خەڵکی بێ تاوانی ئەو گوندە و لە پیر و لاو و ژن و پیاو هەر کەسێ وەبەردەستیان کەوت کوشتیان، تەنانەت ڕوحمیان بە منداڵیش نەدەکرد. دوو شوان کە لە بەر مەڕی بوون بێ سێ و دوو کوژران وەك سوپای موغول پۆل پۆل بە ماڵ و کووچە و کۆڵان وەربوون. دار و بەرد و خاك و خۆڵیان دایە بەر ڕێژنەی گوللە، بەر دەرگای مزگەوت، کووچە و کۆڵان و ناو ماڵی خەڵکیان خەڵتانی خوێن کرد و جۆگە خوێنیان وەڕێ خست. بەڕاستی سوپای کۆماری ئیسلامی بەو کارە دڕندانە و دوور لە مرۆڤایەتییە رووی هەموو جنایەتکارانی مێژوویان سپی کردەوە ئەو کردەوە دزێو و کوشتار و جنایەتەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا دەنگی دایەوە و ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ١٣٥٨/٦/٢٦ ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەو جنایەتە سامناکە نووسی، هەروەها مێهدی بەهادران نوێنەری ئایەتووڵڵا مونتەزری ڕاپۆرتێکی باشی نووسیبوو و پەردەی لەسەر ئەو جنایەتە هەڵدایەوە و تاوانبارانی دەست نیشان کردبوو بەڵام تاوانبارانی ئەو جنایەتە نەك سزا نەدران بەڵکوو لە لایەن ڕێژیمەوە هەموو تەشویق کران و پلەیان بەرز کرایەوە.

یەکێك لەوانە "غولامڕەزا حەسەنی" نوێنەری خومەینی و پاشان بوو بە نوێنەری خامنەیی لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. بەڕاستی کوشتاری قارنێ و گوندەکانی دیکەی کوردستان جنایات و پاکتاوی ڕەگەزی و کۆمەڵکوژی و ژینۆساید و ئاسیمیلاسیۆن بوو کە ڕێژیم بۆ لەناوبردن و چاوترسێنکردن کەوتە گیانیان بە هەزاران کەس لە خەڵکی بێ تاوانی کوردستانی شەهید کرد.

# تەمێکردنی ئەسەد لەسەر دووڕێیاندا

عادڵ مورادی

چەندین مانگ بە سەر یەکەم بریسکەکانی ناڕەزایەتی و خەباتی ڕەوای خەڵکی سووریە دژ بە ڕێژیمی گەندەڵ و سەرەڕۆی ڕێژیمی بەشار ئەسەد تێدەپەڕێت. لەم ماوەیەدا، ڕووداوی کارەساتبار و خوێنینی زۆر ڕوویانداوە کە ناخ و دەروونی هەر مرۆڤێکی بە ویژدان دەهەژێنن.

کیمیابارانی ئەم دوواییانەی دەوروبەری دیمەشق لە چەن ڕۆژی ڕابردوودا یەکێك لە گرینگترین باسەکانی ڕۆژەڤی سیاسی لە ناوچە و جیهاندا بوو کە مەترسی دەسپێکردنی شەڕێکی دیکەی لەم ناوچەیەدا هێنایە ئاراوە کە ئاسەوارەکانی دەتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر بڵێسەی ئاگری شەڕ لەم ناوچەیەدا هەڵگیرسێنێت.

لە ڕەوتی قەڵاچۆی ڕۆژانەی خەڵکی بێتاواندا، دڕندەیی شەڕی سووریە و کیمیابارنی ڕۆژی چوارشەممە،٢١ی ئووت بۆ سەر ناوچەیەکی دەوروبەری دیمەشق کە تێیدا زیاتر لە ٣٥٠ کەس کوژران و زیاتر لە ٣٠٠٠ کەسیش بریندار بوون، گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. زۆربەی قوربانیانی ئەم هێرشە لە ژنان و منداڵانی بێتاوانی خەڵکی مەدەنی بوون کە ژیانێکی پڕ مەترسی لە نێوان دووبەرەی بەری شەڕدا تێدەپەڕێنن.

بەڵام یەکەم جار نیە کە تاوانێکی لەم چەشنە لە مێژوودا ڕوو دەدات و بێگۆمان تا ئەم ڕێژیمە گەندەڵ و تاوانبارانە لە سەر کورسی دەسەڵات بن، دوایین نموونەش نابێت.

لەم ڕاستایەدا وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا بە تاوانبارکردنی ڕێژیمی ئەسەد بە کەڵکوەرگرتن لە چەکی کۆمەڵکوژ دەیانهەوێ هێرشی سەربازی بکەنە سەر ئەو وڵاتە، بەڵام ئاست و چۆنییەتی و پانتایی ئەم هێرشە هێشتا ناڕوونە.

یەکێك لە کێشەکانی ئەمریکا لە هێرشی سەربازی بۆ سەر سووریەدا قەیرانی ئابووری جیهانییە کە ئەمریکا و وڵاتانی دیکە دەستەویەخەی بوونە و سێبەری ئەو قەیرانە لەسەر شانی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە قورسایی دەکات.

لە لایەکی دیکەوە، ئەزموونی شەڕی ئەفغانستان و عێراق و درێژەکێشانی ئەو شەڕانە بووەتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە پارێزەوە بەرەیەکی دیکەی شەڕ بەتایبەتی لە دراوسێیەتی ئیسرائیلدا بکاتەوە کە لە سەرتاسەری مێژووی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەددا تا هەنووکەش ئەمنییەتی سنوورەکانی ئەم وڵاتە بە تەواوی پارێزراوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ هێرشی نیزامی دژ بە ڕێژیمی سووریە، لەگەڵ نەبوونی ئاڵترناتیڤێکی گونجاو و دڵخوازی ئەوان بۆ جێگرتنەوەی ڕێژیمی بەشار ئەسەد بەرەوڕوون. گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن، دژە سێکۆلار و دژی ڕۆژئاوان و بە هیچ شێوەیەك توانای بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەیان نیە. ئەزموونی ڕۆژئاوا بۆ ئاڵترناتیڤسازی لە عێراق، لیبی، توونس و میسریش دەری خستوە کە نەك هەر ئەمنییەت و ئارامی بۆ سیاسەتوانانی ڕۆژئاوایی دابین نەکردووە بەڵکوو بۆ خۆی کێشە خولقێن بووە. دەسپێکردنی شەڕێکی دیکە لە ناوچەدا، بۆ ڕۆژئاوا و ئەمریکا کارێکی ئاسان و لواوە، بەڵام کۆنترۆڵ کردن و بەڕێوەبردنی بەپێی گەڵاڵە و نەخشەی ئەوان دژوار و چاوەڕوان نەکراوە.

هەروەها دەستوەردانی خوازراو و یان نەخوازراوی ئیسرائیل لە وەها شەڕێکدا، یەکێکی دیکە لە نیگەرانییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانیە. لە ئەگەری تووشبوونی ئیسراییل لە شەڕی سووریەدا، ئەم شەڕە بەربڵاوتر دەبێت.

ڕێژیمی ئێرانیش یەکێك لە لایەنەکانی شەڕ لە سووریەیە، سووریە تاقە وڵاتی عەرەبیە کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە پێوەندیەکی زۆر نزیکی لەگەڵ ئێران هەبووە و تاقە هاوپەیمانی ئیستراتژیکی ئەم ڕێژیمە لە ماوەی ٣٤ ساڵی ڕابردوودا بووە. سووریە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران وێستگەیەك بۆ هەناردەکردنی تیرۆریست بۆ وڵاتانی دراوسێ و دنیای دەرەوە و یارمەتی ماڵی، مرۆیی، چەکداری و لۆجیستیکی بۆ حیزبوڵڵای لوبنان و هێندێك لە گرووپ و تاقمە فەلەستینییەکان و... بووە. بوونی سپای قودس و هێزەکانی حیزبوڵڵای لوبنان لە شەڕی سووریە و هەناردەکردنی بە لێشاوی چەك و چۆڵ و کەرەستەی سەربازی لە ئێرانەوە بۆ ئەم وڵاتە لە هیچ کەس شاراوە نیە. بەپێی ڕاپۆرتە باوەڕ پێکراوەکان، لە سەرتای شەڕی سوورییەوە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ١٧میلیارد دۆلار یارمەتی بێگەڕانەوەی بە ڕێژیمی سووریە داوە. لە ٣٤ی ڕابردوودا ئێران بۆ سووریە بانکێکی پڕ لە دۆلار و نەوتی بە خۆڕایی بووە کە بە ویستی خۆیان کەڵکیان لێوەرگرتووە، بەڵام لە ئەگەری هێرشی سەربازیی ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا بۆ سەر سووریە، ئێران بەدەر لە زیاترکردنی یارمەتییە ماڵی و چەکدارییەکان، پەرەدانی زیاتر بە ئاگری شەڕی ڕاگەیاندن کارێکی دیکەی پێ ناکرێت و لە توانایدا نیە دەستێوەردانی سەربازی ڕاستەوخۆ زیاتر لەوەی کە ئێستا کردوویەتی، لە سووریەدا بکات.

هەروەها هێرش بۆ سەر سووریە بە هەنگاوێکی گرینگ بۆ پەکخستنی ئیستراتژی ڕێژیمی ئێران و لاوازکردنی حیزبوڵڵا لە ناوچەدا دەژمێردرێت، ئەم هەنگاوە لە لایەن ئیسرائیلیشەوە پشتیوانیی لێدەکرێت.

سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران و شەخسی خامنەیی هێرش بۆ سەر سووریە بە کارەساتێك بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە قەڵەم دەدەن کە ئاسەوارەکانی داوێنی خۆیان دەگرێتەوە، بەڵام هێزەکانی هاوپەیمانان باش دەزانن کە لە هەلومەرجی ئێستادا ڕێژیمی ئێران توانای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی نییە و پشتیوانان و هاوپەیمانانی سووریە بەتایبەتی ڕووسیەش تەنیا پەرچەکرداری سیاسی لە خۆیان نیشان دەدەن و لە هەلومەرجی ئێستای هاوسەنگی هێزەکاندا خۆیان تووشی شەڕێکی لەو چەشنە ناکەن.

ئەوەی کە ڕوونە، هەنگاوێکی بە کردەوەی خێرا دژ بە ڕێژیمی ئەسەد، پێویستیەکی خێرا و کوتووپڕە، بەڵام کات، چۆنیەتی و ئاسەوارەکانی چاوەڕواننەکراو دەبێت.



KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 612 ▪ 7 Sep 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

## زایەڵە

**سەلام ئیسماعیل پوور**

### لە ئاچمەزەوە بۆ کش و مات

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە هەموو هێز و توانایەوە پاڵپشت و هاندەر و هاوپەیمانی ڕێژیمی سووریە لە قەڵاچۆکردنی گەلانی ڕاپەڕیوی ئەو وڵاتەدا بووە و شانبەشانی هێزە سەربازییەکانی ڕێژیمی بنەماڵەی ئەسەد لە ئاوارەبوونی زیاتر لە ٧ میلیۆن کەس و کوژرانی زیاتر لە١٠٠هەزار کەس و کاولکردنی شار و گوندەکان و تێکچوونی ژێرخانی ئابووری و تەکوزی کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتەدا وەکوو تاوانباری سەرەکی بەشدار بووە. ئەم ڕاستییانە وای کردووە کە کشانەوە و گۆڕانی سیاسەتی مرۆڤکوژانەی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە بارودۆخی سووریە، یەکێك لە لاوازترین ئەگەرەکانی سیاسەتی دەرەکیی ئەم ڕێژیمە لەو پێوەندییەدا بێت. بە واتایەکی دیکە، کۆماری ئیسلامی نەك هەر لە تاوانەکانی بەشار ئەسەد دژ بە خەڵکی سووریەدا بەشدارە، بەڵکوو بە ڕێنوێنی و هاندانی ئەسەد و پشتیوانیەکانی لە تاوانەکانی ئەو، سەرچاوەی ڕاستەقینەی قەیران و دەمارگرژی و توندوتیژی هەرچی زیاتری هێزەکانی ئەسەد دژ بە ئۆپۆزیسیۆن و خەڵکی سووریە بووە و بە هۆی پێداگریی ئەم ڕێژیمە لەسەر ڕاگرتنی سووریە لە نێو جەرگەی تەوەری بەناو مقاومەتدا بووە کە هەموو هەوڵە نێونەتەوەییەکان بۆ ڕازیکردنی ڕێژیمی سووریە بە چارەسەری سیاسی و دیپلۆماتیك بێ ئاکام ماوەتەوە. کۆماری ئیسلامی کە بە هۆی لەرزۆکیی هەنگاوەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و داکۆکیی ڕووسیە و چین لە ڕێژیمی ئەسەد لە ماوەی قەیرانی سووریەدا ڕاشکاوانە باسی لە بەرەکانی شەڕی سووریە وەکوو ڕیزەکانی پێشەوەی شەڕێك دەکرد کە لە تارانەوە ڕێبەری دەکرا، ئێستا کە دۆخەکە بەرەو تۆکمەتر بوونی هەوڵەکان و دەرکردنی بڕیاری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر سووریە دەچێت، لە سەر دووڕێیانی شەڕ یان پاشەکشەدا ماوەتەوە.

ئەم سەرلێشێواوییە هەموو تان و پۆی ڕێژیم و دەزگا و دامەزراوەکانی گرتۆتەوە، بە جۆرێك کە پاشەکشەی ئابڕوومەندانە لەو شەڕەش بۆیان بۆتە ئاواتێکی دوورەدەست. وتەکانی ئەم دوایییانەی ڕەفسەنجانی و کەسانی وەك عەلی موتەهەری، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە لە نێو خودی ڕێژیمشدا پرسی دۆڕاندنی شەڕی سووریە و ئاسەوارە رووخێنەرەکانی لە سەر هاوپەیمانانی ناوچەیی بنەماڵەی ئەسەد، بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی و لق و پۆپەکانی لە ناوچەدا لە نێو ڕۆژەڤی باسەکاندایە.

کۆماری ئیسلامی ئێستا لە دۆخێکدایە کە یان دەبێ واز لە میحوەری مقاومەتەکەی بێنێ کە ئەوە بە واتای رووخانی بنەماکانی ئیدئۆلۆژیی هێرشبەرانەی ئەم ڕێژیمە دەبێت، یان دەبی تێکەڵ بە شەڕێك بێت کە لە بەرەی بەرانبەری ئەو شەڕەدا بۆ یەکەمجار ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا بەرەوڕوو دەبێت، شەڕێك کە ئەگەری ڕوودانی، لە ئێستاوە خورپەی خستۆتە نێو دڵی بەرپرسانی ڕێژیم و ڕێگاکانی دەربازبوونی لەو دۆخە، سات لە دوای سات سنووردارتر دەبن. هەر بۆیە لە شەترەنجی سیاسیی ناوچەدا، کۆماری ئیسلامی لە دۆخی ئاچمەزدایە و ترسی ئەوەی لێ نیشتووە کە بە هەر جووڵاندنێك خۆی تووشی دۆخی کش و مات بکات.

# بە بەشداریی منداڵانی هەر چوار پارچەی کوردستان، چوارەمین فستیڤاڵی هاوینیی نێرگز بەڕێوە دەچێت




بە بەشداریی منداڵانی هەر چوار پارچەی کوردستان، چوارەمین فستیڤاڵی هاوینیی نێرگز لە لایەن ناوەندی نێرگز بۆ پەروەردەی فیکری و هونەریی منداڵان و مێرمنداڵانی کوردستانی ئێران و گرووپی دۆق شارتەر، لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٩/٨، لە کاتژمێر ٩/٣٠ خولەکی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەمە تا کاتژمێر ٦ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ، لە شاری کۆیە و ئامفی تیاتر ئازادی بەڕێوە دەچێت.

ئەم فستیڤاڵە هەموو ساڵێك لە کۆتایی وەرزی هاویندا و بە بۆنەی پێشوازی کردن لە کرانەوەی قوتابخانەکان بە ئامادەبوونی گرووپە هونەرییەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە شاری کۆیە بەڕێوە دەچێت.

فاتیح ساڵحی سەرۆکی چوارەمین فستیڤاڵی هاوینیی نێرگز ڕایگەیاند: لە فستیڤاڵی ئەمساڵدا، وەزارتی پەروەردە، دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری منداڵ/ هەولێر و هەروەها کۆمپانیای کۆڕەك تیلکۆم وەك یاریدەدەر و ئێسپۆنسێر، یارمەتی چوارەمین فستیڤاڵی نێرگزیان داوە.

شایانی باسە گرووپە بەشدارەکان لە چوار پارچەی کوردستان وەك، گرووپی سترانی منداڵانی باکووری کوردستان، گرووپی مووسیقای منداڵانی ڕۆژئاوای کوردستان، گرووپە هونەرییەکانی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و هەروەها گرووپە هونەرییەکانی منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی یەك ڕۆژ لە شاری کۆیە میوانی ناوەندی نێرگز و گرووپی دۆق شارتەر دەبن.

لە کۆتایی فستیڤاڵەکەدا بەسەرگرووپە بەشداربووەکان دیاری تایبەتی پێشکەش دەکرێ.

# یارییە کامپیوتێرییەکان نابنە هۆی توندوتیژی




دوو توێژەری ئەمریکایی لەمەڕ پێوەندیی نێوان یاریی کامپیوتێری و هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی مێرمنداڵان، توێژینەوەیەکیان بەڕێوە بردووە. ئەوان لە نێوان ئەم دوو بابەتەدا پێوەندییەکی ئەوتۆیان نەدۆزیوەتەوە و هۆکارەکانی توندوتیژی زیاتر لە ئستریێسی مێرمنداڵاندا دەبیننەوە.

کریستۆفێر فێرگۆسن و چریل ئالسۆن، دوو توێژەری ئامریکایی توێژینەوەیەکیان لەمەڕ کاریگەریی یارییە توندوتیژانە کامپیوتێرییەکان لەسەر مێرمنداڵان کە لە رووی دەروونییەوە ناتەندروستن، بەڕێوە بردووە. ئەوان ئاکامی توێژینەوەکانیان لە بڵاڤۆکی زانستیی "Jurnal of youth and adolescence" بڵاو کردووەتەوە.

بەپێی وتەکانی ئەم دوو زانایە، یاریگەلێکی وەك "Grand Theft Auto & Martal Combat &" لە سەر مێرمنداڵانێك کە بۆ وێنە تووشی خەمۆکی یان نەخۆشیی هایپێرئەکتیڤ بوونەتەوە، کاریگەریی خراپ دانانێت. ئەوان لە توێژینەوەکەیاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە هەڵسوکەوتی ئەم مێرمنداڵانە بەو جۆرە یارییانە توندوتیژتر نابێتەوە. تەنانەت بە پێچەوانە، یاریی کامپیوتێریی لەم چەشنە دەتوانێ ئارامی بە مێرمنداڵان ببەخشێت، بە جۆرێك کە هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی ئەوان بە بەکارهێنانی ئەم یارییانە، کەم دەبێتەوە. ئەم دوو توێژەرە بۆ بەڕێوەبردنی توێژینەوەکەیان لەسەر ٣٧٧ منداڵ و مێرمنداڵی ئەمریکایی بە ئیتنیکی جۆراوجۆری کۆمەڵگاوە تاوتوێ کردووە. پێش لەم توێژینەوە لە رووی پزیشکییەوە دەرکەوتبوو کە ئەم کەسانە تووشی نەخۆشیی هایپێر ئەکتیڤ یان خەمۆکی بوون. نێونجیی تەمەنی ئەم منداڵانەش ١٣ ساڵ بوو.

بە پێی ئاکامەکانی ئەم توێژینەوەیە، هۆکاری سەرەکیی هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی کۆمەڵایەتی، دەگەڕێتەوە بۆ ئستریێس لە نێو مێرمنداڵاندا.

# مێشکی دوو کەس بە هۆی ئینترنێتەوە لێک گرێ درا



توێژەرانی زانکۆی واشێنگتۆن توانیان پەیامی مێشکی مرۆڤێك لە ڕێگای ئینترنێتەوە ڕاگوێزن و بڕیاری مێشکی کەسێك لە جەستەی کەسێکی دیکەدا ببزوێنن.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیتێرز، زانایان دەڵێن یەکەمین لێك گرێدانی زەینیی مرۆڤەکانیان لە کەشێکی تاقیگەییدا پێك هێناوە و توانیویانە جووڵەی دەست تەنیا بە یارمەتیی شەپۆلەکانی مێشکەوە کۆنترۆڵ بکەن.

لە تاقیگەیەکدا کە بە سپۆنسێریی بەڕێوەبەریی توێژینەوەکانی سوپا و دامەزراوە سەربازییەکانی دیکەی حکوومەتی فیدراڵی ئەمریکا بەڕێوە دەچێت، "ڕاجێش ڕائۆ" مامۆستای زانستی کامپیوتێری و ئەندازیاریی زانکۆی واشێنگتۆن، لە ژووری تاقیگەی خۆیدا دانیشت و کڵاوەیەك لە ئێلێکترۆدەکانی تایبەت بە تۆمارکردنی هێڵەکانی مێشکی لە سەر کرد کە بە سیستەمێکی "ئێلێکترو ئەنسفلۆگرام" پێوەندی درابوو، ئامێرێك کە چالاکییە ئەلێکترۆنییەکانی مێشك نیشان دەدات.

ڕائۆ چاوی لە مانیتۆری کۆمپیوتێرێك بڕیبوو و وێنەی یارییەکی کامپیوتێریی خستبووە ژێر چاوەدێری و لە مێشکیدا ئەو یارییەی دەکرد. چەند ساتێك دواتر پێی وابوو دەستی ڕاستی بەرز کردۆتەوە کە گلۆڵە تۆپێك فڕێ بدات، بەڵام لە هەمانکاتدا بیری چڕ کردبووەوە کە ئەو جووڵەیە لە زەینیدا ڕابگرێت و بە کردەوە دەستی بەکار نەهێنێت.

ئێلێکترۆدەکان پەیامە مێشکییەکەی ئەویان خوێندەوە و لە ڕێگای هێڵی ئینترنێتەوە بەرەو شوێنێکی دیکە بەڕێیان کرد. جێگایەك کە "ئاندریا ئستۆچۆ" لە دامەزراوەی فێرکاری و زانستی مێشکیی زانکۆ بە کڵاوەیەکی وەنەوشەیی تایبەت بە مەلەکردن دانیشتبوو کە پێوەند درابوو بە ئامێرێکی تایبەتەوە کە ناوی "بزوێنەری موغناتیسیی ترانس کرانیاڵ" (T.M.S)ە.

کاتێك پەیامی ئەلێکترۆنیکیی دەستی ڕاستی ڕائۆ بە ئستۆچۆ گەیشت، لە پڕێکدا قامکی دەستی ڕاستی لەسەر کیبۆردی کامپیوتێرەکە دانا تاکوو گلۆڵە توپێك فڕێ بدات. ئەو دەڵێ هەستی جوڵاندنی نەخوازراوی دەستی بە وێنەی "تیکێکی عەسەبی" بووە. ڕائۆ دەڵێ، "کاتێك دەمبینی ئەوەی لە مێشکی خۆمدا وێنام کردووە، لە لایەن مێشکی کەسێکی دیکەوە حاڵەتی کردەکی لەخۆ دەگرێ، بۆ من هەم سەرسووڕهێنەر و هەم ترسێنەر بوو".